Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090408

# عەزیز عەقراوی
# ژیان ورۆڵی سەربازی و سیاسی 1924 – 1980

کاروان جوهر محمد

بەشی مێژوو // کۆلێژی ئاداب// زانکۆی سەلاحەددین

*Article Info*

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

*Keywords*

عەزیز عەقراوی، پارتی دیموکراتی کوردستان، مەلا مستەفا بارزانی، شۆرشی ئەیلول، حکومەتی عێراق.

*Corresponding Author*

Karwan.Mohammad@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوە بە ناونیشانی (عەزیز عەقراوی ژیان و ڕۆڵی سەربازی و سیاسی 1924 – 1980)، لە سێ تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە، هەر تەوەرەیەک دابەشی چەند باسێک کراوە، لە تەوەرەی یەکەمدا، باس لە دایک بوون و ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی و تایبەتمەندییەکانی کەسێتی عەزیز عەقراوی کراوە. تەوەرەی دووەم، تایبەت کراوە بە سەرەتای پەیوەندی کردنی عەزیز عەقراوی وەکو ئەفسەرێکی پلەدار بە شۆڕشی ئەیلول، هەروەها هەر لەو تەوەرە هەر دوو ڕۆڵی سەربازی و سیاسی ئەو تیشکی خراوەتە سەر. هەرچی کۆتا تەوەرەیە بۆ ڕۆڵ و چالاکییە سیاسییەکانی عەزیز عەقراوی لە ناو حکومەتی عێراقدا لە نێوان ساڵانی (1973 – 1980) تەرخانکراوە، ئەویش لەلایەن خۆیەوە بۆ سەر سێ باس دابەشکراوە، لە باسی یەکەم، وازهێنانی عەقراوی لە شۆڕشی کوردستان و پەیوەندیکردنی بە حکومەتی عێراق خراوەتە بەرباس. باسی دووەم، ڕۆڵی عەزیز عەقراوی لە دامەزراندنی (پ.د.ک)ی دروستکراوی حکومەتی عێراق ڕوون کراوەتەوە، کۆتا باسیش لە تەوەرەی سێیەم، بۆ ڕۆڵی عەزیز عەقراوی وەکو وەزیر لە ناو حکومەتی عێراق خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

## پێشەکی:

عەزیز عەقراوی ناوێکی دیار لە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی باشووری کوردستان، هەرلە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە یەکەمینەکانی ئەفسەرانی کورد بووە، بە پلەی (المقدم الركن) پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلول دەکات، کە بۆ ئەوکات لەبەرنەبوونی ئەفسەرلە نێو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، عەقراوی لە هەڵسوڕاندنی کاروبارە سەربازییەکان و ڕێکخستی هێزی شۆڕشگێری کوردستان لەسەر شێوازی سەربازی جێ پەنجەی بە ڕوونی دیارە. ئێستاشی لەگەڵ دابێت هەر کات باس لە لایەنی سەربازی شۆڕشی ئەیلول دەکرێت، ناوی عەزیزعەقراوی دێتە بەر باس. ئەو سەرباری ئەوەی ئەفسەر بووە، توانیویەتی لە ڕوی سیاسیشەوە ڕۆڵببینێت. هەرچەند لەبەرسروشتە کەسیەکەی کە کەسێکی ڕاڕا بووە، وەکو پێویست نەیتوانیوە سوود لە ئەزمون و هەوڵ و ماندووبوونەکانی خۆی ببینێت.

عەقراوی سەرباری هەموو ئەو خزمەتەی کە نەتەوەکەی کردوویەتی، وەک پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، بۆیە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاکو ئێستا توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لە بارەیەوە ئەنجام نەدراوە، ئەوەی هەبووە لە بارەیەوە لە نێو یاداشت و بیرەوەرییەکان و ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان بە شێوەیەکی زۆرپچڕپچڕ باسی لێوەکراوە.

ئامانجمان لەو توێژینەوە بەدیارخستنی کەسێتی سەربازی و سیاسیی عەزیز عەقراوییە بە هەردوو دیوی ئەرێنی و نەرێنی، لەبەر ئەوەی لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی خۆیدا کەسێتیەکی ڕاڕای هەبووە، ئەمەش کاریگەری لەسەرژیانی سیاسی ناوبراو داناوە.

لە ڕاستییدا ئەزموونی سیاسی و روناکبیری عەزیز عەقراوی تاکو ساڵی 1998 بەردەوامی دەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی سنوری توێژینەوەکەمان لە نێوان ساڵانی (1924 – 1980)یە، بۆیە ڕێگە بە خۆمان نادەین زانیارییەکان دەربارەی ڕۆڵی سیاسیی و ڕۆناکبیری ئەوکەسایەتییە دوای ساڵی (1980) لەم توێژینەوە بخەینەڕوو.

لەم توێژینەوەیەدا جگە لەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە باسکردن و گێرانەوەی ڕووداوو پێشهاتەکان بابەتییانە لەبەرچاوگیراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا لەبەرجیاوازی گێڕانەوەکان بەگوێرەی سەرچاوە بەکارهاتووەکان لەم توێژینەوەیە، هەوڵدراوە پشت بەزیاتر لە میتۆدێک ببەسترێ، لەوانە میتۆدی شیکاری و ڕەخنەیی، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاترلە بابەتەکان بەکارهێنراون.

ئەو کارەی ئێمە وەکو هەموو کارێکی تری ئەکادیمی دووچاری ئاستەنگ بۆتەوە، لەوانەش کەمی سەرچاوەی بەڵگەنامەیی و سەرچاوەی زانستی، کە بۆزیاتربەدەرخستنی زۆرلایەنی تری مێژوویی ئەم کەسایەتییە پێویست بوو.

توێژینەوەکە لە سێ تەوەرە پێکدێت، لە تەوەرەی یەکەمدا، باس لە دایک بوون و ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی و تایبەتمەندییەکانی کەسێتی عەزیز عەقراوی کراوە. تەوەرەی دووەم، تایبەت کراوە بە سەرەتای پەیوەندی کردنی عەزیز عەقراوی بە شۆڕشی ئەیلول، هەر لەو تەوەرە هەر دوو ڕۆڵی سەربازی و سیاسیی ئەوتیشکی خراوەتە سەر. هەرچی کۆتا تەوەرەیە بۆڕۆڵ و چالاکییە سیاسییەکانی عەزیزعەقراوی لە ناو حکومەتی عێراقدا لە نێوان ساڵانی (1973 – 1980) تەرخانکراوە، لە باسی یەکەم، وازهێنانی عەقراوی لە شۆڕشی کوردستان و پەیوەندیکردنی بە حکومەتی عێراق خراوەتە بەرباس. باسی دووەم، ڕۆڵی عەزیز عەقراوی لە دامەزراندنی (پ.د.ک)ی دروستکراوی حکومەتی عێراق ڕوون کراوەتەوە، کۆتا باسیش لە تەوەرەی سێیەم، بۆ ڕۆڵی عەزیزعەقراوی وەکو وەزیرلە ناو حکومەتی عێراقی خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

لە نووسینەوەی ئەم توێژینەوەدا سوودمان لە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر بینیوە، وەکو بیرەوەری و کتێب و چاوپێکەوتنەکانی کە لەگەڵ هاوڕێ و خزم و کەسە نزیکەکانی عەقراوی ئەنجامدراون، لە دیارترینی ئەو سەرچاوانە کە زانیارییەکان گرنگ بوون و سوودی زۆریان بۆ توێژینەوەکە لێ وەرگیراوە بە تایبەتی: بیرەوەرییەکانی أحسان شێرزاد، بە ناونیشانی (أحسان شيرزاد مهندسا، أكاديميا و وزيرا)، لە ڕاستیدا ئەم بیرەوەرییانە سودێکی زۆری بۆ باسی یەکەمی تەوەرەی سێیەم لێوەرگیراوە کە تایبەتە بە وازهێنانی عەقراوی لە شۆڕشی کوردستان. هەروەها بیرەوەرییەکانی عبدالستار تاهیر شریف، بە ناونیشانی (ململانێ لەگەڵ ژیاندا (بەرگی دووەم)، ئەمەشیان لە ڕووی زانیارییەوە سوودێکی باشی بەو توێژینەوە گەیاندووە، کە لە هەردوو باسی دووەم و سێیەمی تەوەرەی سێیەم بەرجەستە دەبێت. هەروەها بۆ کارو چالاکییەکانی ئەوکاتەی لە نێو حکومەتی عێراقی وەزیربووە، سوود لە زۆرێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (التأخي) وەرگیراوە. بە هەمان شێوەکی باش سوود لە هەردوو کتێبی (خولانەوە لە بازنەیەکی بۆشدا) کە چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ جەرجیس فەتحوڵڵا ئەنجامدراوە. و علی سنجاری، (حقيقة مسيرة ثورة أيلول 1961)ی ببینرێ، لەگەڵ ئەمانە سوود لەو دیدارە وەرگیراوە کە لەگەڵ برا بچوکی عەزیز عەقراوی (کاروان ئاکرەیی) ئەنجامدراوە، کە بەهۆیەوە هەندێک لەلایەنی شاراوە ژیانی وکارو چالاکییەکانی لە ناوڕێزەکانی شۆڕشی ئەیلول، خراوەتەڕوو.

## تەوەرەی یەکەم: ژیان وکەسایەتی عەزیزعەقراوی

### یەکەم: لە دایك بوون ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی

ناوی تەواوی (عەزیزڕەشید عەزیززوبێر)ە. (ئاکرەیی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/9/5). لە ژیانی سیاسیی و سەربازی بە زۆر شێواز ناوی دێت وەك (عەزیزعەقراوی، خاڵ عەزیزیاخود موقەدەم عەزیزعەقراوی)، بەڵام لەناو هەموو ئەو نازناوانە زیاتر بە عەزیز عەقراوی ناسراوە[(1)]. (بابان، چاوپێکەوتن، 2020/8/30). ساڵی 1924 لە شارۆچکەی ئاکرێ لەدایك بووە، لە ساڵی 1938 خوێندنی سەرەتایی لەو شارۆچکەیە و دواتریش قۆناغی ناوەندی لە 1941 لە شاری موسڵ تەواو دەکات. پاشان لە ساڵی 1943 دواناوەندی سەربازی لە شاری بەغدا بە کۆتادێنێ، پاش ئەو دووساڵە لە ئەکادیمیای سەربازی بەغدا بەشی تۆپخانە وەردەگیرێت لەساڵی 1945 بەسەرکەوتوویی ئەم قۆناغە تێدەپەڕێنێت و پلەی ملازمی دوو بەدەست دەهێنێت. (ئاکرەیی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/9/5).

عەقراوی ساڵی 1956 دەچێتە کۆلێژی ئەرکان لەسەرئاستی خولەکەی پلەی یەکەم بەدەست دێنێت، بەو هۆیەوە لەلایەن مەلیکی عێراق [فەیسەڵی دووەم 1935 – 1958] بە ئۆتۆمبێلێك خەڵات دەکرێت. (شريف، 2014، ص 81). دوای ئەوە بۆ بارەگای لیوای هێزی ئالیە لە جەلەولا دەگوازرێتەوە، پاش ئەوە ئەرکە سەربازییەکەی دەکەوێتە بارەگای فرقەی سێ لە بەعقوبە.

(التأخي، العدد (937)، 1972/1/13، ص 3). لە 1957 لە خولی شیکردنەوەی وێنەی ئەرز لە ئاسمان (تفسير التصاوير الجوي)لە بەریتانیا بەشداردەبێت. (التأخي، العدد (937)، 1972/1/13، ص 3). ساڵی 1959 لە یەکێتی سۆڤیەتی جارانیش لە ڕێگەی خولێکەوە پسپۆری لە بواری چەکی تۆپخانە وەرگرتووە. (نکدیمۆن، 2011، ل 216 ؛ برایەتی، ژمارە (2761)، 1999/1/24، ل 1). لە دوای ڕێککەوتنی 11ی ئاداری 1970 پلە سەربازیەکەی عەقراوی بۆ لیوا بەرز دەبێتەوەو هەر بەو پلە خانەنشین دەکرێت. (التأخي، العدد (937)، 1972/1/13، ص 3 ؛ ئاکرەیی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/9/5).

سەبارەت بە ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەیان دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەی موکریانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی بنەماڵەی عەزیز عەقراوی لە ئاکرێ بە بنەماڵەی (حەمەش) ناسراون، بە گووتەی کاروان ئاکرەیی برای ساڵی 1980 سەردانی شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردووە، چووەتە گوندێك بەناوی (حەمەش) لە دەوروبەری شاری ناوبراو، دوای پرسیارکردن لە کەسە شارەزاو بەتەمەنەکانی گوند، ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کاتی خۆی دوو بەرەکی لە نێوان دوو بنەماڵە لەو گوندە ڕوویداوە و بوەتە شەڕیان، ئەمەش بنەماڵەکەیان ناچار بە کۆچکردن بۆ باشوری کوردستان دەکات، لە دەوزێی بادینان لە گوندی (قەپەکیان) ی ناوچەی زرارەتی نیشتە جێ دەبن. هەندێکیان لە زێی بادینان بۆ بەری بادینان دەپەڕنەوە[2]، لێرە دەکرێت بڵێین ئەو بەشەیان بەرەو ئاکرێ چووبن و لەوێدا نیشتەجێ بووبن. ئاماژەیەك هەیە بەوەی لە ئاکرێ، ئەو گەڕەکەی بنەماڵەی عەزیز عەقراوی لێی نیشتەجێبوونە ناوی (قاپاکی)یە، ئەمەش ئەوە دەگەیێ هەمان ناوی گوندی قەپەکیانە لەسەر ئەو گەڕەکە دانراوە. بنەماڵەی عەزیز عەقراوی لە ئاکرێ گۆڕستانی تایبەت بەخۆیان هەیە، بە گوێرەی ئەوەی کاروان ئاکرەیی دەگێڕێتەوە دەڵێت: "عەبدولرەحمانی برام چووەتە گۆڕستانەکە بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی سەیری یەکێك لە کێلەکانی گۆڕێك دەکات، کە دواتر منیش چووم سەیرم کرد، لەسەری نووسراوە (حەمە شا ساڵی 1782 مردووە)"، ئاکرەیی لەو بارەیەوە درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: "دەکرێت نازناوی بنەماڵەکەمان بۆ ئەو باپیرە گەورەمان بگەڕێتەوە، بە تێپەڕبوونی کات ناوەکە لە (حەمە شا)ەوە بۆ (حەمەش)گۆڕانکاری بەسەر داهاتبێت". (ئاکرەیی، پەیوەندی تەلەفۆنی،2020/9/5).

ڕەشید عەزیز زوبێر، باوکی عەزیز عەقراوی لە ژیانیدا دوو ژنی هێناوە هەردووکیان خەڵکی ئاکرێن. یەکەمی ناوی (عائیشە مەلا تەیب)ە. لەو هاوسەرەی سێ کوڕ و سێ کچی هەیە، کوڕەکان: (عەزیز، محەمەدئەمین، شاکر)، کچەکان: (جوەیرا، ئاسمین، فەلەکناس). هاوسەری دووەمی (جوەیرا یاسین)ی ناوە. لەو خێزانەشی پێنج کوڕ و سێ کچی هەیە، کوڕەکان: (ئیحسان، صابر، حازم، عەبدولڕەحمان، کاروان). کچەکانیش: (ناجیە، فەزیلە، ڕەمزیە)ن. تەنها عەبدولرەحمان و کاروان لەگەڵ فەزیلە لە ژیاندا ماون. (ئاکرەیی، پەیوەندی تەلەفۆنی،2020/9/5). کەواتە عەزیز عەقراوی خاوەنی حەوت برا و شەش خوشکە.

عەزیز عەقراوی سالی 1951 ژیانی هاوسەری لەگەڵ (فەزیلە ڕەشید حەسەن) کە لە بنەماڵەی موفتی ئاکرێیە پێکدێنێت، شایانی باسە فەزیلەی خێزانی ژنێکی باوەڕدارو کەسێکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار بووە. بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییەی پێنج کچ و سێ کوڕە. کچەکان: (پرژین، پەیمان، چەلەنگ، مزگین، کوێستان). کوڕەکان: (فەرزند، کرمانج، سەفین)، هەموویان لەژیاندا ماون. (بابان، چاوپێکەوتن، 2020/8/30).

ئەوەی پەیوەستە بە مردنی عەقراوی لە 23ی کانوونی یەکەمی 1998 لە شاری کۆڵنی وڵاتی ئەڵمانیا بە نەخۆشی کۆچی دوایی دەکات، لە ڕێکەوتی 22ی کانوونی دووەمی 1999 لە ڕێگەی دەروازەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیل تەرمەکەی بۆ باشوری کوردستان دەگەڕێتەوە، لەلایەن کەس و کارو زۆرێك لە هەڤاڵەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی شۆڕشی ئەیلول پێشوازی لێدەکرێت، پاشان تەرمەکەی بۆ شاری ئاکرێی زێدی خۆی بەرێ دەکرێت، لە گۆڕستانی بنەماڵەکەی بە خاك دەسپێردرێت. (برایەتی، ژمارە (2761)، 1999/1/24، ل 1). دەبێت ئەوە بگوترێت لەکاتی گەیشتنی هەواڵی کۆچی دوایی عەزیز عەقراوی بە کاروان ئاکرەیی برای، کاروان بە بروسکە هەریەك لە مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی لێ ئاگادار دەکاتەوە، داوای ئەوەیان لێدەکات کە هاوکاریان بن لە هێنانەوەی تەرمەکەی بۆ کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە دلشاد بارزانی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەلمانیا ڕادەسپێرن کاری تەواو بکات بۆ ئەوەی تەرمەکی بگەڕێندرێتەوە. سەرەتا وڵاتی ئەڵمانیا ئامادە نابێت تەرمەکەیان ڕادەست بکات، بە بیانووی ئەوەی پێشتر عەزیز عەقراوی کەسێکی نەیاری حکومەتی عێراق بووە، ترسیان لەوە دەبێت نەوەك تەرمەکە ڕادەستی حکومەتی عێراق بکەن، پاش هەوڵ و ماندووبوونی زۆری دلشاد بارزانی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا، دواجار ڕازی دەبن. پاشان تەرمەکە بە فڕۆکە بە خاکی تورکیا دەگات، وڵاتی تورکیا ڕێگەی بە گەڕانەوەی نادات، بە هۆی ئەوەی پێشتر عەقراوی کاری لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) کردووە، ئەمەش دوای هەوڵێکی زۆری (پ.د.ك) لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، ئینجا ڕەزامەندی دەردەبڕن بە دەرچوونی تەرمەکە لە خاکەکەیان بەرەو باشووری کوردستان. (ئاکرەیی، چاوپێکەوتن، 2020/9/11).

دووەم: سیماو تایبەتمەندیەکانی کەسایەتی عەزیزعەقراوی

وەکو زانراوە زۆربەی مرۆڤەکان جۆری کاریان و ئەو ژینگەی تیایدا دەژین ڕەنگدانەوەی تەواو لەسەرکەسایەتییان دەبێت، عەزیزعقراویش بەوپێیەی دەرچووی کۆلێژی سەربازی بووە، ماوەیەکی زۆریش لە ژیانی بە کردارەکی بەرپرسیارەتی سەربازی لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان هەبووە، ئەمە ڕەنگدانەوەی قوڵی بەسەر ژیانی جێهێشتووە. لەبارەی کەسایەتی عەزیزعەقراوی، (جەرجیس فەتحوڵلا)[3] ، کە عەقراوی ئەوی بە مامۆستای خۆی زانیوەو زۆر ڕێزی گرتووە، بەو شێوە باس لە عەقراوی دەکات: "دڵی زۆر باش بوو، بەڵام شێت بوو، زۆر زوو توڕەدەبوو، خێراش ڕازیدەبوو، توانایەکی گەورەی هەیە، بەڵام بەداخەوە ناتوانێ کەڵکی لێ وەرگرێ. کەم چیکڵدانە و هێمن نییە، هەر ڕۆژەی لەسەر بیروباوەڕێکە و هەڵبەزودابەزدەکا. (وەرگیراوە لە: عەزیز، خولانەوە، 2002، ل 70).

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی کەسێتی عەزیز عەقراوی کەسێکی پاك و دل ساف بوو، بڕوای بەزۆرشت کردیە، بەڵام دواترکە چووتە ناوی لەگەڵ کەسەکان نزیك بووەتەوە، تووشی جۆرێك لە بێ هیوایی بووە. هەروەها

پیاوێکی ئازا و سەڕاست بووە ؛ هەروەها کەسێکی ڕاستگۆ و دڵسۆزو بێفێڵ بوو. (شاکەلی، 2011، ل 70 ؛ کەریم، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/6/15). جگە لەمەش پیاوێکی زۆر پاك بووە، هەستێکی زۆر بەرزی نەتەوەیی و نیشتمانی هەبووە، لە هەڵس و کەوت زۆر سادە بووە. (فەرهادی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/8/9)، لە ڕووی پۆشینی جل و بەرگ زۆر گرنگی بە خۆی نەدەدا، کەسێکی دەستکراوە بوو، پارە زۆر لەلای گرنگ نەبوو. (ئەحمەد، چاوپێکەوتن، 2020/9/14 ؛ دۆڵەمەری، ب2، 2021، ل 33).

لایەنێکی دیکەی کەسایەتی عەزیز عەقراوی ئەو کاتەی بەرپرسیارەتی سیاسیی و سەربازی هەبوو لە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلول ئەوە بوو هەمیشە بە گیانیکی برایانە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی لەگەڵ پێشمەرگەکان دەکرد، هیچ جار خۆی لە کەسێکی تر بە گەورەتر نەدەزانی، زیرەك و چاونەترس بوو، هەروەها هیچ جارێك پارەی بۆ خۆی داوا نەکردووە هەردەم گوتویەتی لە من پێویستر هەیە، جل و بەرگی پێشمەرگە وەکو هی ئەو بوو. هیچ کات ڕێگەی نەداوە کەس ئەو سنوورە ببەزێنێ کە بۆ خۆی دایناببوو. هەر لەبارەی کەسایەتی عەقراوی عەلی شەنگالی دەڵێت: "خواردن و جل و بەرگی و دلسۆزی عەزیز عەقراوی هەموو کوردایەتی بوون. (وەرگیراوە: پێداوی، 2012، ل 43).

عەزیز عەقراوی سەربارى ئەوەی وەکو کەسێکی سیاسیی ماوەیەکی زۆر لە ڕیزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی سیاسیی کورد خزمەتی بە میللەتەکەی کرد، بەڵام لە یاری سیاسەت تێنەگەیشتبوو، ئەمەش بەشێکی پەیوەندی بە سروشتی کەسی خۆیەوە هەبوو کە مرۆڤێکی توند بوو، بەشێکی تریش پەیوەندی بە تێنەگەیشتنی بووە بۆ سروشت و ژێرخانی کۆمەڵگەی کوردی، ئەو کەوتبووە ژێر کاریگەری هەندێ تیۆری بیانی کە لەگەڵ واقعی کۆمەڵگەی کوردی نەدەگونجان، بە واتای ئەوەی نەیزانیوە کۆمەڵگەی کوردی دەبێت بە شێوازی تایبەت هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ بەو پێیەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جیاواز بوو لەگەڵ هەر کۆمەڵگەیەکی تر، بۆیە بەوەی عەزیز عەقراوی ویستوویەتی نەدەتوانرا سەرکردایەتی کۆمەڵگەی کوردی بکرێت. هەموو ئەوانەش وای کردبوو لەژیانی سیاسیی خۆی هەڵبەزو دابەزی زۆر بکا. (ئاکرەیی، پەیوەندی تەلەفۆنی،2020/9/5).

ئەو چاوپێکەوتنانەی لەو توێژینەوە ئەنجامدراون دەربارەی کەسایەتی عەزیز عەقراوی سەبارەت بە ئەو هەڵبەزو دابەزەی کردوویەتی لە ژیانی سیاسیی خۆی، زۆربەیان لە ماوەیەکی جیاواز لە نزیکەوە کاریان لەگەڵدا کردووە دەڵێن: "ڕاستە عەزیز عەقراوی لە ژیانی سیاسیی خۆی کەسێکی ڕاڕابووە و لەسەر بیرێکی دیاریکراو و هێڵێکی ڕاست نەبووە یان نەیتوانیوە درێژە بە بەرنامەکەی بدات، بەڵام لە دواجار لەهەر کوێیەك بوویێت مەبەستی بووە خزمەت بە دۆزی نەتەوەکەی بکات، ئەمەش بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە تا سەر ئێسقان کەسێکی نەتەوەیی بووە. (شاکەلی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/6/10. کەریم، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/6/15. موفتی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/6/20. حەیدەری، چاوپێکەوتن، 2020/7/14. ئاکرەیی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/9/5).

لە بواری کۆمەڵایەتی وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد عەزیز عەقراوی لەبەر ئەوەی زۆربەی کاتەکانی بە کاروباری سیاسیی و سەربازی خەریك بوو، بنەماکانی سەربازی تەواو ڕەنگیداوەتەوە لەسەر شێوازی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی، بە جۆرێك خانەوادەکەی خۆی پشتگوێ خستووە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەش ئەوەتە ئاگاداری قۆناغەکانی خوێندنی منداڵەکانی لە قوتابخانە نەبووە، ئەو ئەرکە زیاتر لە ئەستۆی خێزانەکەی (فەزیلە) بووە. هەوکات لەسەر زاری یەکێك لە کەسە نزیکەکانی خۆی ئەوە دەردەکەوێت کە ناوبراو لە سەردان و بەسەرکردنەوەی خزم و کەسوکاری کەمتەرخەم بووە. (بابان، چاوپێکەوتن، 2020/8/30).

**تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی سەربازیی و سیاسیی عەزیز عەقراوی لە نێوان ساڵانی 1962 – 1973**

**یەکەم: پەیوەندی کردنی بە شۆڕشی ئەیلول و ڕۆڵ و خەباتی سەربازی تیایدا 1962 – 1970**

عەزیز عەقراوی پێش پەیوەندی کردنی بە شۆڕشی ئەیلوول ئەفسەر بووە لە یەکەی تۆپخانەی فیرقەی سێ لە بەعقوبە. (بابان، چاوپێکەوتن، 2020/8/30). تەنانەت عەزیز عەقراوی لە ساڵی 1948 ئەو کاتەی ئەفسەر بووە، لە ڕیزی سوپای عێراقی، لەگەڵ هێزێك بەشداری شەڕی نێوان عەرەب و ئیسرائیل دەکات، بە مەبەستی ڕزگارکردنی هێزێکی عێراقی کە نێردرابوو بۆ فەلەستین. (نکدیمۆن، 2011، ل 216). ئەوە دەبێتە ئەزموونێک بۆ سەرەتای هاتنە ناوەوەی بۆ کاری سەربازی. بەهۆی ئارەزوی و خولیای لە بواری سەربازی لە ساڵی 1956 بۆ پەرەپێدانی بە توانا سەربازییەکەی دەچێتە کۆلێژی ئەرکان ئەو حەزویستەش وا دەکات لەسەر ئاستی خولەکەی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت. (شریف، 2014، ص 81).

هاوشان لەگەڵ کارە سەربازییەکەی، لە ڕیزەکانی (پ.د.ك) ئەندام بووە، هەر هەواڵ و زانیاریەکیش پەیوەندی بە پارتی و سەرکردایەتیەکەی هەبووایە بە پەلە بە بەرپرسە حزبیەکەی کە جەلال تاڵەبانی بووە دەگەیاند. (سەلاح ڕەشید، ب1، 2017، ل 161). بۆ ڕاستی ئەمە جەلال تاڵەبانی خۆی لە دانیشتنێکی لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەکەی ئەوەی باس کردووە کە عەزیز عەقراوی پێی گوتووە تۆ بووی کاتی خۆی منت هێنا ناو ڕێزەکانی (پ.د.ك). (بابان، چاوپێکەتن، 2020/8/30). لە دواجار بە مەبەستی خزمەت کردن بە دۆزی کورد لە ڕێگای (ساڵح یوسفی)[4] لە ناوچەی بێتواتە پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول دەکات. (عزیز، خولانەوە...، 2002، ل 91 ؛ بەدرخان، ژمارە (78)، 2007/2/22، ل 15).

عەزیز عەقراوی لەگەڵ هەریەك لە (ڕائید بەکر عەبدولکەریم حەوێزی، نەقیب کەمال موفتی، هەردوو ملازم عزیز ئەتروشی و طارق ئەحمەد) لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی 1962 پەیوەندی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلولەوە دەکەن (عقراوی، 2007، ص 76). هەر سێکیان لەلایەن مەلا مستەفای بارزانی بە گەرمی پێشوازی دەکرێن، ماوەیەك لە لای دەمێننەوە تا ئەو کاتەی هەر یەکێکیان کارێکی پێ دەسپێردرێت، عەزیز عەقراوی سەرەتا بەرپرسیارەتی سەربازی ناوچەکانی باڵەك و سیدەکانی دەکەوێتە ئەستۆ. (پێداوی، 2012، ل 43).

ئەوەی تێبینی دەکرێت عەزیز عەقراوی لە مانگی ئابی 1962 و اتا دوو مانگ دوای پەیوەندیکردنی بە شۆڕشی ئەیلول، یەکێك دەبێت لە نزیکەکانی مەلا مستەفای بارزانی، بەوەی ئامادەی دانیشتن و چاوپێکەوتنەکانی بووە کە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە بیانییەکان ئەنجامی داوە. (شمیدت، 2018، ل 383). دەکرێت ئەو نزیکایەتییەی بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە زمانی ئینگلیزی بە باشی زانیوە.

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد کاتی پەیوەندی کردنی بە شۆڕش ئەفسەر بوو لە یەکەی تۆپخانەی فرقەی سێ لە بەعقوبە، بەرپرسە سەربازییەکەی عەمید (عەبدوڵلا سەعید)[5] بوو، بە هۆکاری جێهێشتنی سوپای عێراق و بردنی نەخشە نهێنیەکانی تۆپخانە لەگەڵ خۆی، لێژنەیەك بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر بەرپرسەکەی پێکدەهێنرێت، ئەندامانی لێژنەکە پێکدێت لە: سەرکردەی فرقەی سێ، سەرۆکی ئەرکانی فرقە لەگەڵ ئەفسەری هەواڵگری فرقە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەردەکەوێت عەمید عەبدوڵلا سەعید هیچ پەیوەندییەکی بە ڕۆیشتنی نەبووە، چونکە سێ ڕۆژ پێش ئەوەی عەزیز عەقراوی ڕیزەکانی سوپای حکومەتی عێراق جێبهێڵێت و پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول بکات، عەمیدی ناوبراو بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی چاوەکانی بۆ بەغدا سەفەری کردووە. (گولان العربی، العدد (75)، أب 2002، ص 123 – 124).

پەیوەندی کردنی عەقراوی بە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوول کاردانەوەی لێکەوتۆتەوە بە جۆرێك عەبدولکەریم قاسم لە سەردانێکی بۆ کۆلێژی سەربازی قسە بۆ قوتابیان دەکات و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دڵتەنگی بەرانبەر بە ڕۆیشتنی عەقراوی دەردەبڕێت. (پێداوی، 2012، ل 43).

شایانی باسە دوای پەیوەندی کردنی عقراوی، خانەوادەکەی کە پێکهاتبوون لە هاوسەر و حەوت منداڵ خۆیان دەگەیننە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش. (بابان، چاوپێکەوتن، 2020/8/30). لەبەر ئەمەش منداڵەکانی چەند ساڵێك لە قوتابخانە نەچوونە بەر خوێندن، ئەوە چارەنووسی زۆرێك لە پێشمەرگەکان بوو کە لە ریزی شۆڕش خەباتیان دەکرد. (و انلي، 2012، ص 182). پێچەو انەی ئەمە لە سەرچاوەیەك وا دەردەکەوێ خێز انی عەقراوی لەو ناوچانە نەژیاون کە لەژێر دەسەڵاتی شۆڕش دابوون، بەڵکو لە شارۆچکەی ئاکرێ ژیاون. (نکدیمۆن، 2011، ل 277). سەرچاوەیەکی تر ئەمە ڕەتدەکاتەوە، ئاماژە بەوە دەکات ئەو کاتەی خانەوادەکەی دەگەنە لای بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئەشکەوت و گوندە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش لە نزیك عەقراوی خۆی دەژین، بەڵام دواجار سەرکردەی شۆرشی ئەیلوول مەلا مسەفای بارز انی داوای لێ دەکات خانەوادەکەی بۆ شاری خانە (پیر انشەهر)ی سەرسنوور لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببات. (ئاکرەیی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/9/5).

سەرەتا وەکو بەرپرسێکی سەربازی ئەرکە سەربازییەکەی لەناو شۆڕشی ئەیلول بە قورس زانییەوە، لەبەرئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر بنەمای هۆزایەتی نا ڕێکخراو خۆیان دەنو اند، هیچ ڕێکخستنێکی سەربازی نەبووە لە شێوەی فصیل (پەل) و سریە (لق) فەوج (بەتالیۆن)، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە شۆڕشەکە لە سەرەتا دابووە، هیچ بارەگایەکی جێگیر نەبووە تاکو لەوێوە سەرکردایەتی پلانی سەربازی ڕێك بخرێت، ئەمە بۆ موقەدەم عەزیز عەقراوی کێشە بووە، بۆ نموونە لە کاتی خۆ ئامادەکردن بۆ هێرشێك عەقراوی خۆی دەڵێت: "هەوڵم دا بڕوا بە چەکداری هۆزەکان بکەم بۆئەوەی هێرشێك بکرێت، بۆ ئەو هێرشەش دەبو ایە هێزەکە بەسەر سێ قۆڵ دابەش بکرێت، هەندێکێشیان لە هێڵی دواوەی شەڕبمێننەوە، بەڵام ئەوان ئەمەیان قبوڵ نەکرد و گوتیان نەخێر، یان هەموومان بۆ هێرشکردنەکە بەیەکەوە دەبین، یان هەر هێرشەکە ناکەین". (وەرگیراوە لە: أدامسن، 2012، ص 244). عەزیز عەقراوی هەمیشە لەگەڵ ئەوەبوو هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر شێوەیەکی سەردەمی ڕێکبخرێن، بۆ ئەوەی شۆڕش بتو انێ بە باشترین شێوە سوودیان لێوەربگرێت، ئەمە بابەتێك بوو لەلای ئەو وەکو خولیایەکی لێ هاتبوو. (ئاکرەیی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/9/5). هەر لەو بارەیەوە کاتی و انەوتنەوە لە خولەکان پێداگری کردووە لەسەر ئەوەی دەبێت بەشدار بووان بە باشترین شێوە سوود لەو انە تیۆری و کرداریە سەربازییەکان وەربگرن، بۆیە زۆر دڵسۆزانە کاری کردووە، چونکە پێی و ابوو ئەو جۆرە خولانە هەم بۆ ئەو قۆناغەی تیادا بوونە، هەم ئەو کاتەی شۆڕشیش بە ئامانج دەگات بە گشتی سوودی بۆ کوردستان دەبێت. (دۆڵەمەری، ب2، 2021، ل 32 – 33).

دوای پەیوەندییان بە شۆڕش لە 5ی تەموزی 1962 لەگەڵ هەردوو ئەفسەر (رئیس بەکر عەبدولکەریم و ملازمی تۆپخانە عەزیز مەجید ئەتروشی) بڵاوکراوەیەك لە شێوەی بانگەواز بڵاودەکەنەوە[6] لە ژێر ناوی "بانگەوازێك لە ئەفسەر انی ئازادیخواز بۆ ئەفسەرو ئەفسەر انی پۆل (ضباط الصف) لە ناو هێزە چەکدارەکان لە کۆماری عێراق"، تیایدا داو ایان لێ دەکەن ڕێزەکانی سوپا بە جێبهێڵن پەیوەندی بە ڕێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی دژی دەسەڵاتی تاکڕەویی عەبدولکەریم قاسم خەبات بکەن. (پێداوی، 2012، ل 156).

عەزیز عەقراوی پسپۆری لە تۆپخانەدا هەبوو، کاتی پەیوەندی بە شۆرشی ئەیلوول دەکا، شۆرش خاوەنی هیچ جۆرە تۆپێك نەبوو، لەکاتی شەڕەکان ئەو تۆپانەی لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستییان بەسەر دادەگیرا لەلایەن عەقراوی بەکاردەهێنران. (پێداوی، 2012، ل 86).

مەلا مستەفا بارزانی بەمەبەستی سەرپەرشتیکردنی ئەو ڕووبەڕووبوونەو انەی سوپای عێراق لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە لە ئابی 1962 دەگاتە ناوچەی هیر انی نزیك شەقڵاوە، پاش چەند ڕۆژێک مانەوە، ناوچەی ناوبراو بە جێدەهێڵێت دەچێت بۆ شەڕ لەگەڵ سۆفیەکانی (شێخ ڕەشیدی لۆلان)[7]، بۆیە سەرپەرشتی بەرەی چیای سەفین بە هەریەك لە عەزیز عەقراوی و (رەئیس بەکر حەوێزی)[8] دەسپێرێ. (شێرە، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/8/16). عەقراوی لە نزیکەوە لەو بەرە سەردانی سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگەی کردووە، پێشمەرگە ئاسا خۆی لێ جیانەکردوونەوتەوە ئاسایی وەکو ئەوان لەکاتە سەختەکان ژیاوە و لە خەمییان دابووە، ڕاستی ئەمەش لە یاداشتی یەکێك لە پێشمەرگەکان بەدیار دەکەوێت و نووسیویەتی: "من [و اتا پێشمەرگەکە] جلەکانم زۆر خراپ بوون، ئەویش [و اتا عەزیز عەقراوی] جلەکانی وەکو من خراپ و دڕابوون". (گۆزێ، 2014، ل 239 – 240). لەکاتی پێویست و پشوودان پێشمەرگەکانی کۆدەکردوە وتاری درێژی بەمەبەستی ورە بەرزکردنەوە بۆ دەدان، هانیداون ئامادەبن بۆ ئەوەی گورزی بەهێز لە سوپای حکومەت بدەن. (گۆزێ، 2014، ل 239). لێرەدا سادەیی و کەسایەتی عەقراوی دەردەکەوێت کە لە هەرپلەو پۆستێك دابێت بە شێوەیەکی زۆر ئاساییانە مامەڵەی لەگەڵ خوارەوەی خۆی کردووە.

یەك لە ڕەفتارەکانی عەزیز عەقراوی ئەوەندەی لەبەرەی سەفین بووە باش ڕەفتارکردن بووە لەگەڵ دیلەکان کە لەکاتی شەڕەکان دەکەوتنە دەست پێشمەرگە، بە نموونە لە شەڕێك لە ناوچەکانی دەوروبەری چیای سەفین، سەربازێکی عێراقی بە برینداری دەکەوێتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە، پێشمەرگەیەك ڕەفتارێکی تاکە کەسی خراپ لەگەڵ دەکات، عەقراوی لەسەر ئەوە خۆی لە پێشمەرگەکە توڕە دەکات سەرزەنشتی دەکات، بەوەی

جارێکی تر ڕەفتاری لەو جۆرە بەرانبەر هیچ دیلێك دووبارە نەکاتەوە، دیلە برینداەکەو چەند دیلێکی تر دوای ئەوەی بەناوی ڕێبازی شۆڕش و کوردایەتی قسەیان بۆ دەکات، ئیتر ئازادیان دەکات. (گۆزێ، 2014، ل 240).

شایانی باسە لە ناکۆکییەکانی ساڵی 1964 کە دروستبوو لە نێو ڕیزەکانی (پ.د.ك)، سەرئەنجام ئەم پارتەی بەسەر هەردوو باڵی بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسیی دابەشکرد، عەزیز عەقراوی لەلایەن مەلا مستەفای بارزانی دەهێندرێتە پێش، عەقراوی بەرزەخوازی ئەوەی هەبووە بەرپرسیارەتی بەشێك لە هێزی پێشمەرگەی بگرێتە ئەستۆ، ئەو بەرزەخوازەی لەلایەن مەلا مستەفای بارزانی بە هەند وەردەگیرێت، فەرمان دەدات بەلابردنی بەرپرسە سەربازییەکانی سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسیی، بەمەش عومەر دەبابەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی کە بەرپرسیارەتی بەرزی سەربازی هەبوو لادەدرێت، عەزیز عەقراوی لە شوێنی دادەنرێت. (ڕەشید، 2017، ب1، ل 277).

لەبەر ئەنجامی هەوڵ و چالاکییە سەربازییەکانی عەزیز عقراوی، سەرکردایەتی شۆڕش لە باشووری کوردستان بیرلە دانانی دامەزراوەی نوێی پێشمەرگە دەکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە هەوڵدرا و کارکرا بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە لەسەر هەمان پێکهاتەو ڕێکخستنی سوپای عێراقی ڕێکبخرێت، بە جۆرێك لەشکر، هێز، بەتالیۆن، لق لەگەڵ پەل. هەموو هێزی پێشمەرگە دابەشی سەر سێ لەشکر کرا، عەزیز عەقراوی دەبێتە سەرلەشکری سێ، لە ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك، ئەم لەشکرە لە هێزەکانی (خەبات، قەرەداغ، ڕزگاری) پێکهاتبوو. (پێداوی، 2012، ل 86).

لە کاتی وەرگرتنی هەر لێپسراوەتییێکی سەربازی ئەرکەکانی زۆر بەباشی بەڕێوەبردووە وەك ئەوەی لە تشرینی دووەمی 1965 بەرپرسی بەرەی ڕواندز دەبێت، مەیدانییەن لەسەر چیاکان سەردانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کردووەو لە پێداویستی و کەموکوڕییەکانی کۆڵیوەتەوە .(عوسمان، 2008، ل 46 ؛ و انلي، 2012، ص 182). ئەگەر چی هەندێك کات لێک تێنەگەیشتنی لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی حزب و نووسینگەی جێبەجێکردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە بواری کاروبارە سەربازییەکان هەبووە، بەڵام هەروەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزب ماوەتەوە، لەگەڵ ئەوەش هەر کاتێك مەلا مستەفا بارزانی پێویستی پێبووە بەتایبەت بۆ بەکارهێنانی کاروبارە هونەرییەکانی تۆپخانە کە شارەزاییەکی باشی لێی هەبووە ئامادە بووە. (و انلي، 2012، ص 182). تەنانەت تو انایەکی سەربازی بەرزی هەبوو، لەو کەسانە بوو زوو لە پلانی هێرش و پێکدادان حاڵی دەبوو. (نەکدیمۆن، 2011، ل 277).

لە زستانی ساڵی 1968 وەکو بەرپرسی چل کەس کە زۆربەیان سەرلق و ئامر بەتالیۆن و ئەفسەری ناو شۆڕش دەبن بۆ خولێکی فەرماندەیی دەنێردرێن بۆ دەرەوە، وەکو کەسێکی شارەزا لە بواری سەربازی لەلایەن مامۆستاکان و بەڕێوەبەرانی خولەکە ڕێزێکی زۆری دەگرن، هەرلەو خولە لەبەرئەوەی زمانی ئینگلیزی زۆر باش زانییوە، ئەرکی وەرگێڕانی نێوان بەشداربووان و بەڕێوەبەرانی خولەکەی لە ئەستۆ گرتووە. (عوسمان، 2008، ل 51 – 54). لەسەرچاوەیەك ئەوە دەردەکەوێت عەقراوی سەردانی ئیسرائیلی کردووە، بەشداری چەندین مانۆڕی سەربازی کردووە کە سوپای ئیسرائیل ئەنجامی داون. (الخرسان، 2001، ص 212). لە هەموو کۆبوونەوەکانی مەلا مستەفای بارزانی بە ئەفسەرانی ئیسرائیلی عەقراوی بەشداربووە، بارزانی متمانەیەکی زۆری لەو ڕووە پێی هەبووە، بە هاوکاری ئەویش پلانە سەربازییەکانیان دژبە سوپای عێراق جێبەجێ دەکرد. (نەکدیمۆن، 2011، ل 263، 264 ؛ التآخي، العدد (1603)، 20/نیسان/1974).

عەزیز عەقراوی ئاگاداری تەواوی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل بوو لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول، ئەو هاوکاری ڕاوێژکاری پیشکەش دەکردن، لە پلانەکانی دژ بە سوپای عێراق بەشداری کردووە. (نەکدیمۆن، 2011، ل 363)[9]

ناکۆکیەکانی نێو سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول وەکو پێشتر تیشکی خرایە سەر، لە ئەنجامدا دووبەرەکی لێکەوتەوە، ئەمە وای کرد بۆشایەك دروست ببێت لە ریزەکانی پێشمەرگە، زۆرێك لە پێشمەرگەکانی هێزی قەرەداغ و ڕزگاری ریزەکانی شۆڕش جێدەهێڵن، یان بچنە پاڵ باڵی مەکتەبی سیاسیی، یان بەهۆکاری شەڕی ناوخۆ بەیەکجاری وازلە پێشمەرگایەتی دەهێنن، لەبەر ئەوە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بە بڕیاری مەلا مستەفا بارزانی بیرلەوە دەکەنەوە هێزەکانی پێشمەرگە ڕێکبخەنەوە، بۆ ئەم مەبەستە هێزی هەڵگورد دادەمەزرێت، زۆربەی زۆری پێشمەرگەکانی ئەو هێزە تەمەنیان لە نێوان (17 – 22) ساڵ دەبێت، لە سێ بەتالیۆن پێك دێت، لەلایەن خودی مقدم عەزیز عقراوی و ملازم (رشید سندی)[10] سەرپەرشتی دەکرێن، (پێداوی، 2012، ل ل 116 – 117).

عەزیز عەقراوی وەکو سەرکردەیەکی سەربازی لەو شەڕانەی دژی سوپای عێراق دەکران بەخۆی مەیدانیەن ئامادەیی هەبوو، بە تایبەت لەو کاتانەی شۆڕش پلانی هێرشکردنە سەرسەربازگەکانی سوپای عێراقی دادەنا بە نموونە شەوی 20/19 ئەیلوولی 1969 هێرش دەکرێتە سەرسەربازگەیەکی ستراتیژی حکومەت لە شارۆچکەی دوکانی پارێزگای سلێمانی بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی، لەو هێرشە عەقراوی بە خۆی و چوار تۆپی (120) ژمارەیەکی زۆر لە گولە تۆپەکان ئامادە بوو، لە کۆتاییدا لەبەر ئەوەی تۆپەکان ئامانجی تەواوی خۆیان نەپێکا، بەتایبەت چوار تانك لەناو سەربازگەکەدا بوون بەر گولە تۆپەکان نەکەوتبوون ئەمە دەبێتە هۆی هێرشی پێچەوانەوە هێزەکانی پێشمەرگە تووشی شکست دەبن. (پێداوی، 2012، ل 121 – 123).

دوای ئەوەی هەردوو لایەنی حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول ماوەی شەش مانگ دەکەونە گفتوگۆو دانوستاندن، لە دواجار لە(11ی ئاداری 1970) بە ڕێککەوتن دەگەن، لێرەوە ڕۆڵی سەربازی عەزیز عەقراوی کۆتایی پێدێت، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی دەست پێدەکات.

تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی سیاسیی لە شۆڕشی ئەیلول 1962 – 1973

هاتنە پێشەوەی عەزیز عەقراوی لە ڕیزی حزب بۆ بەستنی کۆنگرەی شەشەمی (پ.د.ك) دەگەڕێتەوە کە لە 1ی تەموزی 1964 لە قەڵادزێ دەبەسترێ، تیایدا عەقراوی بە فەرمی و لە ڕێگای هەڵبژادنەوە بە دەنگی ئەندامانی کۆنگرە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (پ.د.ك) هەڵدەبژێردرێت. (کریم، 1998، ص 91). دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت عەزیز عەقراوی وەکو کەسێکی دیارو ئەفسەرێکی سەربازی بە پلەی موقەدەم ڕوکن ماوەی دوو ساڵ بوو ڕیزەکانی سوپای عێراقی جێهێشتبوو پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کردبوو، بۆ ئەو کات پەیوەندیکردنەکەی دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو لەسەر ئاستی سەرکردایەتی شۆڕش و ڕێکخستنەکانی حزب وهێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەمەش بۆ کەمی ژمارەی ئەفسەر لەو پلە سەربازییە لە ناو شۆڕش دەگەڕایەوە، هەروەها لە ماوەی ئەو دوو ساڵە ڕۆڵی

کارای بینی بوو لە کاروبارە سەربازییەکانی شۆڕش و سەرکردایەتی چەند بەرەیەکی شەڕی کردبوو، بۆیە ئەندامانی کۆنگرە بە بوونی دڵخۆشبوونە و لە گۆنگرەکە دەنگیان پێداوە. (شێرە، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/8/16).

عەزیز عەقراوی لەگەڵ زۆرێك لە ئەفسەرانی ناو شۆڕش لە کاتی دوو بەرەکیەکەی ساڵی 1964 کە ڕوویدا لە نێوان باڵی مەلا مستەفای بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسیی بە سەرۆکایەتی برایم ئەحمەد، ڕۆڵی هەبووە لە پاککردنەوەی ئەو ناوچانەی لە ژێر هەژموونی باڵی مەکتەبی سیاسیی بوو. (پێداوی، 2012، ل 73 ؛ ئاکرەیی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/9/5). لەو بارەوە هەر یەك لە برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی وەکو کەسە یەکەمەکانی باڵی مەکتەبی سیاسیی هەڵوێستی عەزیز عەقراوی بەخراپ دەزانن، پێیان وایە لە ناکۆکییەکاندا ڕۆڵی خراپی بینیوە، بەوەی یەکێك بووە لەوانەی مەلا مستەفای بارزانییان هانداوە وەکو سەرۆکی حزب کۆنگرەیەك ببەستێ. (عەزیز، پێنج کاتژمێر...، 2002، ل 58 ؛ رەشید، 2017، ل 288). لەگەڵ ئەوەش یەکێك لە کادیرەکانی سەر بە باڵی مەکتەبی سیاسیی بە ناوی (ئەحمەد شەریف) لە حوزەیرانی 1964 دەستگیر دەکرێت لە زیندانەکانی سەر بە باڵی مەلا مستەفای بارزانی بەند دەکرێت، نزیکەی دوو مانگ لە زیندان دەمینێتەوە، وەکو ئەوەی خۆی باسیکردووە و نووسیویەتی بە هەوڵی زۆری عەزیز عەقراوی ئازاد دەکرێت. (شەریف، 2013، ل 31).

لە بەڵگەنامەیەکی نهێنی قائیمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر کە بۆ بەڕێوەبەری شارەدێی قوشتەپەی نێردراوە، تیایدا ئاماژە بە هاتنی عەزیز عەقراوی وەك نوێنەری بارزانی بە کارێکی تایبەت بۆ ناوچەی زاب دەکات، بە گەیشتنی چووەتە گوندی (گردمامك) لەگەڵ پێشمەرگەکان کۆبۆتەوە بە تایبەت پێ ڕاگەیاندوون دەستوەردان لە کاروباری حکومەت و سەرپێچی لەسەر ڕێگای گشتی نەکەن. (قائمقامية قضاء مركز اربيل، العدد:488، 1964/9/28). ئەم سەردانەی عەقراوی لەکاتێکدا بووە حکومەتی عێراق بەسەرۆکایەتی عەبدولسەلام عارف لە 10ی شوباتی 1964 لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول گەیشتبوونە ڕێککەوتن و ئاگربەست ڕاگەیاندرابوو.

لە کۆنگرەی حەوتەمی (پ.د.ك) کە لە 15 – 21 تشرینی دووەمی 1966 لە گەڵاڵە بە ئامادە بوونی (370) کەس وەك ئەندام دەبەسترێ، عەزیز عەقراوی لە ڕیزبەندی حەوتم لە کۆی (17) کەس دەبێت بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، دواتر لەگەڵ شەش کەسەکەی پێش خۆی بە دەنگی ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆمیتەی ناوەندی بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی ناوبراو هەڵدەبژێردرێت. (کریم، 1998، ص 110 ؛ قادر، 2012، ل ل 63 – 66 ). سەرچاوەیەکی دیکە پێی وایە عەزیزعەقراوی دوای دووساڵ لە بەستنی کۆنگرەی حەوت ئینجا دەبێت بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی. (ئاکرەیی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/9/5). بەڵام دەکرێت سەرنج و زانیاری دوو سەرچاوەکەی پێشوو بە ڕاست بزانرێت، چونکە نووسەری سەرچاوەی یەکەم لە نێوان ساڵانی (1964 – 1975) سکرتێری (پ.د.ك) بووە.

دوای ئەوەی دەبێت بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ك) لەیەك کاتدا هەم بەرپرسیارەتی سیاسیی هەم سەربازی لە ئەستۆ بووە، وەك ئەوەی ئامر هێزی سەفین بووە و بەرپرسی لقی دووی ئەو حزبەش بووە. لە 15ی نیسانی 1967 بەشداری لە کۆنفراسێکی سەربازی و سیاسیی لە ناوچەی باڵەکایەتی لە شوێنێك بەناوی (کانی سەماقوت) دەکات، بە کۆتایهاتنی کۆنفراسەکە کار بە بڕیارەکانی کۆنفرانسەکە دەکات. (قادر، 2009، ل 71 – 72).

بە هۆی ئاگربەست و ڕێککەوتنی 29ی حوزیرەانی 1966 کە لە نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلول هاتبووە ئاراوە بۆ ماوەیەك ئارامی گەڕابۆە بۆ ناوچەکە. دیارە لە سەرەتای ساڵی 1967 عەزیز عەقراوی وەکو بەرپرسی لقی دووی (پ.د.ك) و بەرپرسێك لە شۆڕش ئەیلول هاتۆتە ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر، ئەمەش لە نوسراوێکی نهێنی موتەسەریفی هەولێرکە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەشی هەواڵگەری نهێنی سیاسیی نێردراوە بە دیاردەکەوێت، نوسراوەکە زانیاری دەربارەی هەڵسوکەوتی چەکدارانی کوردە [مەبەست لێی پێشمەرگە]یە، لە ناوەڕۆکی نوسراوەکە ئاماژە بە گفتوگۆیەك لەنێوان عەزیز عەقراوی و بەڕێوەبەری شارەدێی قوشتەپە (هاشم محمد سعيد السامرائي) کراوە، عەقراوی پێی دەڵێت: "هەرجۆرە هەوڵسوکەوتێکی نایاساییت لە چەکدارە کوردەکان بینی، ئێمەی لێ ئاگادار بکەنەوە، هەروەها عەقراوی دەڵێت: "ئێمە دژی کردەوەی ئاژاوەگێڕین و سورین لەسەر ئەوەی سەقامگیری لە ناوچەکەدا هەبێت". (متصرفية لواء اربيل، العدد:96/، 1967/1/21). هەرلەو نوسراوە هاتووە کە عەقراوی نوسراوێك بە زمانی کوردی دەدات بە بەڕێوەبەری شارەدێی ناوبراو، تیایدا بەڵێننامەیەك لە تاوانبار (هەمزە سێوێ)ی سەر پەل (ئامر فصيل) لە ڕیزەکانی پێشمەرگە وەرگیراوە، دەبێت ناوبراو لە گوندی (مامندان) بمێنێتەوە و مافی جێهێشتنی ئەوگوندەی نییە، هەرکاتێ سەرپێچی لەو بڕیارە کرد ئەوە ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبێتەوە، قسەی عەقراوی لە نوسراوەکە درێژەی هەیە و گووتویەتی زۆری سکاڵاکان لەسەر هەڵسوکەوتی هەمزە سێوێ هۆکار بووە، بۆ ئەوەی ئەو بەڵێننامەیەی لێوەرگیرێ. (متصرفية لواء اربيل، العدد:96/، 1967/1/21).

کۆتایی ساڵی 1968 و سەرەتای 1969 دووبارە ئەو ئاشتییەی لە نێوان حکومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول هەبوو لەباربردرا، لەبەرئەوە شەڕ لە نێوان هەردوولاوە دەست پێدەکاتەوە، عەزیزعەقراوی تا ئەوکاتیش هەربەرپرسی لقی دوو و ئامرهێزی سەفین بووە، لەگەڵ ڕەشید سندی دەچن بۆ ناوچەکانی مەرگەولەوێشەوە بۆ بەنداوی دوکان و پاشان خۆیان دەگەیننە چیای سەفین، بەمەبەستی خۆڕێکخستنەوە کۆبوونەوەیەك بە بەرپرسانی هێز و لق دەکات، لە کۆبوونەوەکە بڕیار دەدرێت هەندێك لە کارگێرانی لق لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکان لەبەر خراپی بارودۆخەکە سەرپەرشتی هەندێ بەرەی شەڕ بکەن. لەوخۆ ڕێکخستنەوەو ئامادەکردنە عەزیز عەقراوی دەتوانێ بە هەردوو هێزی سەفین و بێتواتە ژمارەیەکی باش لە پێشمەرگە ئامادە بکات. هەروەها لە کاتی خۆ ڕادەستکردنەوەی بەرپرسانی سەربازی پێشمەرگە بە حکومەتی عێراقی، بوونی بۆشایی لەبەرەکان ناچار بووە ئاڵوگۆڕ بە بەرپرسەکان بکات، بەنموونە کاتێ (عەریف عەلی) ئامر بەتالیۆن لە دەربەندی گۆمەسپان خۆی ڕادەست دەکاتەوە، عەقراوی شوێنەکەی بە (فازڵ تاڵەبانی) پڕدەکاتەوە. (قادر، 2009، ل ل 83 – 84).

دوای چوار ساڵ (پ.د.ك) وەك حزب بۆ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی خۆی لە مانگی حوزەیران تاکو ئەیلوولی 1969 بڕیاری ئامادەکاری دەدات بۆ بەستنی کۆنگرەی هەشتەم، بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەکی ئامادەکاری پێکدەهێنێت، عەزیز عەقراوی وەکو بەرپرسی لقی دووی ئەو حزبە سەرپەرشتی لێژنەی ئامادەکاری هەولێر دەگرێتە ئەستۆ، بەڵام بەهۆی هاتنە پێشەوەی پرۆسەی

گفتوگۆ و دانووستاندن لە نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان کۆنگرەکە دوادەخرێ. (قادر، 2009، ل 86). لە تەموزی 1970 کۆنگرەکە لە ناوچەی باڵەکایەتی لە گوندی ناوپردان دەبەسترێ، تیایدا عەزیز عەقراوی لە کۆی (21) هەڵبژێردراو لەکۆنگرە ڕیزبەندی (11)مین کەس دەبێت و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێتەوە، دواتر لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی دەکرێت، عەقراوی بۆ جاری دووەم بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ك) هەڵدەبژێدرێتەوە. (کریم، 1998، ص 117 ؛ قادر، 2009، ل 68 – 69). تاکو تشرینی دووەمی 1973 وەکو ئەندام مەکتەبی سیاسیی دەمێنێتەوە تا ئەوەی ڕیزەکانی حزبەکەی جێدەهێڵێت و پەیوەندی بە حکومەتی عێراق دەکات. (قادر، 2009، ل 69).

وێستگەیەکی نوێی کاری سیاسیی عەزیز عقراوی لەناو شارەکان دوای ڕێککەوتنی 11ی ئاداری 1970 دەستپێدەکات. بەوەی وەکو ئەفسەرێك و کەسێکی سەربازی لە کاروبارە سەربازییەکان بە یەکجاری دوور دەکەوێتەوە، وەکو دەردەکەوێت بۆ جارێکی تر بە بەرپرسی لقی دووی (پ.د.ك) لە هەولێر دەستنیشان دەکرێت، هەر لەو ماوەش بەرپرسیارەتی لقی سێ حزبەکەی لە کەرکوك دەگرێتە ئەستۆ، دواتر دەگەڕێتەوە هەولێر و دووبارە بەرپرسیارەتی لقی دوو دەگرێتەوە ئەستۆ، ئەوەی تێبینی دەکرا لە کاروباری ڕێکخستنی حزبی شارەزایەکی وای نەبوو، ئەو ماوەی وەکو بەرپرسی لقی دوو، تاکو جێهێشتنی ڕیزەکانی شۆڕش لە کۆتایی 1973 کاروبارە حزبیەکان و چوونە ناو خەڵك و ئامادەبوون لە کۆڕو کۆبوونەوەکان قسە کردن بۆ خەڵك زیاتر بە ئەندامانی لق و کارگێڕانی لق وەکو: (محەمەد مەلا قادر، عەلی هەژار، عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، خورشید شێرە) دەسپێرێت. (شێرە، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/8/16 ؛ التأخي، العدد (1513)، 9/نیسان/1974).

مەلا مستەفای بارزانی وەك سەرکردەی شۆڕشی ئەیلول پاش مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970 لەگەڵ عێراق، ئاشتەوایەکی گشتی لە کوردستان ڕاگەیاند بە تایبەت لەگەل سەرۆك هۆزە کوردییەکان، کە پێشتر هاوکاری حکومەتی عێراق بوونە لە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان، بۆئەم مەبەستە چەندین ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندی (پ.د.ك) ڕادەسپێرێ بۆ ئەوەی سەردانی سەرۆك هۆزەکان بکەن، عەزیز عەقراوی یەکێك دەبێت لەوانەی بە نوێنەرەی تایبەتی بارزانی سەردانی ناوچەکانی بادینان دەکات، پەیامی سەرکردایەتی شۆڕش و بارزانییان پێڕادەگەیێ، داوا لەهەریەکان دەکات سەردانی بارزانی بکەن بە خۆشحاڵییەوە پێشوازییان لێدەکات. (ئاکرەیی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/9/5). هەر بەهەمان مەبەست عەقراوی یاوەری مەسعود بارزانیشی کردووە لە شاری هەولێرو دەوروبەری، ئامادەی کۆبوونەوە جەماوەرییەکانیشی کردووە ووتاریشی تیادا خوێندۆتەوە. (محو، 1982، ص 88 – 91).

لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی عەزیز عەقراوی وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ك) بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی ڕێککەوتنی 11ی ئاداری 1970 دەربڕیوە، بە سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ گەلی عێراق بە (کورد و عەرەب)ەوە زانییوە، ئەو ڕێککەوتنەی بە تێگەیشتنی قوڵی حزبی بەعس بۆ چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی عێراق وەسف کردووە، هەر لەو لێدوانە دەسکەوتەکانی ئەو ڕێککەوتننامەی لە چەند خاڵێك خستۆتەڕوو بەم شێوە: یەکەم: داننان بە نەتەوەی کورد لەعێراق. دووەم: پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی بە کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا. سێیەم: ڕاگرتنی ڕژانی ئەو هەموو خوێنە کە ماوەی (10) ساڵ بوو بەردەوام بوو. چوارەم: داننان بە زمانی کوردی، خوێندنی لە ناوچە کوردییەکان بە شیوەیەکی فەرمی. پێنجەم: دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد. شەشەم: پێدانی مۆڵەتی کارکردن بە (پ.د.ك) لە هەموو عێراق. حەوتەم: دەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆ هەموو ئەوانەی بەشدار بوونە لە شەڕەکان لە فەرمانبەر و کرێکارو سەربازییەکان، گەڕانەوەیان بۆ کارەکانیان و ئەرکی فەرمانبەری پێشوویان. (التأخي، العدد (980)، 1972/3/11، ص 1).

**تەوەرەی سێیەم: ڕۆڵ وچالاکیە سیاسییەکانی عەزیز عەقراوی لەناوحکومەتی عێراقدا 1973 – 1980**

**یەکەم: وازهێنانی لە شۆڕشی کوردستان و پەیوەندیکردنی بە حکومەتی عێراقی:**

عەزیز عەقراوی وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە کۆتایی ساڵی 1973 لەگەڵ هەر یەك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی (ئیسماعیل مەلا عزیز و هاشم عەقراوی) جیابوونەوەی خۆی لە ڕیزەکانی (پ.د.ك) ڕاگەیاند، پاڵیان دایە لای حکومەتی عێراق، لە ڕاستیدا حکومەت هەر لە ماوەی ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970ەوە ئەوانەی کردبووە داردەستی خۆی (گۆمەتاڵی،2019، ل 137). پەیوەندی کردنی عەقراوی بە حکومەتی عێراق ڕاجیبایی لەسەرە، وەکو ئەوەی لە سەرچاوەیەکی دیکە باس لەوە کراوە پاش ماوەیەکی کەم لە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار حکومەتی عێراق دەتوانێت ژمارەیەك لە بەرپرس و کادیرانی (پ.د.ك) و شۆڕش بکا بە پیاوی خۆی، عەزیز عەقراوی یەکێك دەبێت لەوان. (بارزانی، 2004، ل104). پێچەوانەی ئەو دووسەرچاوە جەرجیس فەتحوڵڵا لەبارەی پەیوەندی ژێربەژێری عەزیز عەقراوی لەگەڵ حکومەت دەڵێت: "هیچ جۆرە پەیوەندییەکی نهێنیان نەبوو، یەکسەر ڕۆیشت بۆ لایان" زیاتر لەوە فەتحوڵڵا پێی وایە : "هیچ ناکۆکییەکی سیاسیی لەگەڵ بارزانی نەبووە، تەنیا شتی تاکەکەسی و تایبەتی بووە". (عەزیز، خولانەوە، 2002، ل 92).

عەزیز عەقراوی پێش ڕۆیشتنی پەیوەندی بە ساڵح یوسفی دەکات هەواڵی ئەوەی پێدەدا کە بۆ شاری بەغدا دێت. (ئاکرەیی، نامەی ئەلکترۆنی، 2020/9/12)، بەگەیشتنی بە بەغدا چەند ڕۆژێك لە ماڵی ساڵح یوسفی دەمێنێتەوە، بە دروست بوونی کێشەکە یوسفی زۆر نارەحەت دەبێت، هەوڵێکی زۆری لەگەڵ دەدا بۆ ئەوەی لە بۆچونەکانی پاشگەزی بکاتەوە، بەڵام عەزیز عەقراوی بە تەواوی لەسەر بڕیارەکانی پێداگر دەبێت، هۆکارەکەشی بۆ هەڵسوکەوتی هەندێ سەرکردەکانی پارتی دەگەڕێنێتەوە، دواتر وازهێنانی خۆی لە یەکێك لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ڕادەگەیێ، وەکو هۆکاری وازهێنانی و هاتنی بۆ شاری بەغدا، کۆمەڵێک هۆکار دەخەنەڕوو. (الیوسفي، 2018، ص 309).

دەکرێت جێهێشتنی ڕیزەکانی شۆڕش لەلایەن عەزیز عەقراوی لە چەند هۆکارێك دەست نیشان بکەین: یەکەم: دوای ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970 سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بە تایبەت مەلا مستەفای بارزانی لێبوردنێکی گشتی لەسەر ئاستی کوردستان ڕاگەیاند، بە تایبەت لەگەڵ هەموو سەرۆك هۆزە کوردە نەیارەکانی ئاشتبۆوە، زوبێر ئاغای زێباری یەکێك دەبێت لەو سەرۆك هۆزانە، دوای ئاشتبوونەوەکە دەکرێت بە فەرماندەی

هێز لە ناوچەی ئاکرێ، عەزیز عەقراوی دەچێت بۆ ئاکرێ، لە دانیشتنێك لە ماڵی عەونی ئاغا دەبێت، لە پڕ زوبێر ئاغا دەچێتە ناو دانیشتنەکە، ئامادەبووان هەموو لەبەری هەڵدەستن، تەنها عەقراوی نەبێت بێ ئەوەی سڵاویشی لێبکات هەڵدەستێ و دانیشتنەکە جێدەهێڵێ، لەبەر ئەوەی زوبێر ئاغا خاڵی مەسعود بارزانییە، لەسەر ئەم بابەتە مەسعود بارزانی گلەیی لە عەقراوی دەکات، لەسەر ئەمە گرفت لە نێوانییان دروست دەبێت. (عەزیز، خولانەوە، 2002، ل 91 ؛ ئاکرەیی، نامەی ئەلکترۆنی، 2020/9/13). لەسەرچاوەیەکی دیکە هەر پەیوەست بەو بابەتە عەزیز عەقراوی دەڵێت: "من ناتوانم لەگەڵ ئەو شەخصە [مەبەست زوبێر ئاغا]یە قسە بکەم و بە دۆستی خۆمی بزانم، کە تەعەدای لە کورد کردووە، پێشتر داوا لەمن کرابوو کە چاوم بە زوبێر بکەوێ، بەڵام قەبوڵم نەکرد، کەچی ئێستا هاتووە بۆ ئێرە بۆ ئەوەی زیاتر ئیهانەی من بکات". (شێرە، 2015، ل 220)، ئەو ڕووداوە کاریگەری لەسەر دەروونی عەقراوی بەجێدەهێڵێت، وەکو مرۆڤێکی ڕووخاو هاتووتە بەرچاو، هیچ ئارەزووی لەسەرئیش وکارنامێنێت وبەکەمی دەوامی ئاسایی لق لە هەولێر دەکات. (شێرە، 2015، ل 220).

هۆکارێکی دیکەی ڕەنجانی عەزیز عەقراوی گەڕانەوەی باڵی مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ك) بوو بە تایبەت هەر یەك لە جەلال تاڵەبانی و برایم ئەحمەد، لەو بارەیەوە خۆی گووتویەتی: "ئەگەر بارزانی لێیان خۆشبێت، پێش ئەوەی ئەوان بگەڕێنەوە من شۆڕش بە جێدەهێڵم". (وەرگیراوە لە: محو، 1982، ص 128).

لەلایەکی دیکە هەر دوای ڕێککەتننامەی 11ی ئاداری 1970 پێدانی پۆستە حکومییەکان بە هەندێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی و سەرکردایەتی، بێبەشکردنی هەندێکێتر لێیان، کێشەی لەناو سەرکردایەتی (پ.د.ك) خستبۆوە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەمە دەکرێت باس لەو نموونە بکەین: وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری سلێمانی دەبێتە کێشە لە نێوان هەردوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی: (عەلی عەبدوڵڵا)[11] و عەزیز عەقراوی، هەر چەند عەقراوی خواستی وەرگرتنی ئەو پۆستەی نەبووە، خۆشی چاکدەیزانی تواناى بەڕێوەبردنی نییە، بەڵام لەڕقی ئەوەی عەلی عەبدوڵڵا داوای کردبوو، ئەویش لە داواکاریەك خواستی وەرگرتنی پۆستەکە بۆ مەلا مستەفای بارزانی دەخاتەڕوو، دواجار ئەمە دەبێتە کێشە لە نێوانیان، بەهۆی ئەو پەیوەندییە باشەی لە نێوان عەقراوی و جەرجیس فەتحوڵڵا هەبووە، مەحمود عوسمان داوای نێوەندگیری لەسەر کێشەکە لە فەتحوڵڵا دەکات، بۆ ئەوەی عەقراوی لە داواکاریەکەی پاشگەز بکاتەوە، بۆیە لەسەر داوای فەتحوڵڵا واز لە داواکاریەکە دەهێنێ. (عەزیز، خولانەوە..، 2002، ل 70 – 73 ؛ فتح الله، 1998، ص 16). دەکرێت ئەمەش یەکێکی تر بێت لە هۆکارەکانی جێهێشتنی ڕیزەکانی شۆڕش لەلایەن عەزیز عەقراویەوە.

دوای ئەوەی عەزیز عەقراوی، لەگەڵ هەردوو ئەندامی سەرکردایەتییەکەی تر خۆیان یەکلادەنەوە بۆ خۆ دانەپاڵ حکومەتی عێراقی، لە یاداشتێکی هاوبەشدا لە ڕۆژی 29ی کانونی دووەمی 1974، کە ناوەڕۆکەکەی لە 18ی شوباتی 1974 لە ڕۆژنامەی (الراصد) لە بەغدا بڵاوکرایەوە، تیایدا کۆمەڵێک هۆکاریان لە وازهێنان لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەست نیشان کردووە، لەوانە: یەکەم: بەردەوامبوونی بارزانی لەسەر پەیوەندیە سیاسیە گوماناوییەکانی بە هێزە دەرەکییەکان. دووەم: پەیڕەوکردنی سیاسەتی تاکڕەوانەی بارزانی و هەندێک لە کەسەنزیکەکانی و گوێنەگرتن لە ئەندامانی تری سەرکردایەتی (پ.د.ک). سێیەم: سازشکردن لەسەربنەما سەرەکییەکانی حزب. چوارەم: پشتگوێ خستنی کەسانی گەندەڵ و سزانەدانییان. پێنجەم: نەهێشتنی بڕوای پێشمەرگەکان بەحزب، لەگەڵ چەندین هۆکاری تر... لە کۆتایی یاداشتەکەدا باس لەوە دەکەن، لەگەڵ پێداگری سیاسەتی ڕەگەزپەرستی لەلایەن سەرکردایەتی (پ.د.ک) پێیان وایە ئەمە دەسکەوتەکانی گەلی کورد بە تایبەت و گەلی عێراق بە گشتی لە ناودەبات، ئینجا بەردەوام دەبن نوسیویانە، بۆیە ئێمە بە هەموو هەوڵ و توانایەکمان لە پێناو یەکڕیزی برایەتی نەتەوەیی کورد و عەرەب و یەکێتی نیشتمانی تێدەکۆشین. (ع (209)، 12/شوبات/1974).

شایانی باسە ئیسماعیل مەلا عەزیز بە فەرمانی سەرکردایەتی پارتی بە گەڵیان کەوتبوو بۆ ئەوەی لە نهێنی پیلانەکە ئاگاداریان بکاتەوە. (بارزانی، 2004، ل104)، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی ڕۆژی 9ی نیسانی 1974 لەڕێگەی ڕاپۆرتێك لە دەنگی کوردستانی عێراق، ئیسماعیل مەلا عەزیز وازهێنانی خۆی لە کۆمەڵەکەی عەزیز عەقراوی ڕاگەیاندو گەڕایەوە ناو شۆڕش. (شیرزاد، 2011، ص 481). دەکرێت ڕۆیشتنی ئیسماعیل مەلا عەزیز، لەماوەی نزیکەی شەش مانگ دواتر گەڕانەوەی، ئەمە پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە کە پێشتر جۆرێك پەیوەندی هەبووە لە نێوان عەقراوی و حکومەتی عێراق.

هەر پەیوەست بەو ڕوداوە توێژەرێك لە ناوەڕاستی هەشتەکانی سەدەی ڕابردوو لە شاری قومی ئێران چاوی بە عەزیز عەقراوی دەکەوێت، بۆ ماوەی چەند رۆژێك میوانی دەبێت، عەقراوی بەشێك لە بەسەرهاتەکانی ئەو کاتی کە ڕیزەکانی شۆرشی جێهێشتووە بۆ باس دەکات و دەڵێت: "من لە بەغدا بووم بەبێ ئەوەی حکومەت بزانێت ڕیزەکانی شۆڕشم جێهێشتووە، ماوەیەکی کەمی پێچوو بە هاتنەکەمیان زانی، حکومەت زۆر حەزی دەکرد بچمە پاڵیان" لەسەرزاری توێژەرەکە عەقراوی درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: "دوای ماوەیەك خۆم پەیوەندیم بە حکومەتی عێراق کرد، بەگەرمی بەرەو پیلم هاتن، ئینجا لەلایەن سەدام حوسێن بانگکرام و لەگەلی دانیشتم، سەدام گووتی: "عێراق، عیراقی هەمووانە بە کوردو عەرەب و کەمایەتییەکانیتر". (ئاکرەیی، نامەی ئەلکترۆنی، 2020/9/13).

چوونی عەزیز عەقراوی بۆ بەغداو دواکەوتنی لەگەڕانەوە، جێگەی گومان و پرسیاری زۆر دەبێت لە ناوەندەکانی شۆڕش، هەندێك کەس باوەڕیان بەوە نەدەکرد عەقراوی ڕیزەکانی شۆرش بەجێبهێڵێت و بچێتە پاڵ حکومەتی عێراق، تا ماوەیەك وایان دادەنا ئەمە فێڵێکی سیاسییەو بارزانی فەرمانی پێکردووە لە بەغدا بمێنێتەوە بۆ مەرامێك مامەڵە لەگەڵ حکومەتدا بکا. (هورمز، 2009، ل 189).

ئیحسان شێرزاد لە یاداشتەکانی باس لە هاتنی عەزیز عەقراوی بۆ بەغدا دەکات و دەڵێت: ڕۆژی 15ی کانوونی یەکەمی 1973 لەسەر داوای ساڵح یوسفی سەردانی نووسینگەکەیم کرد و بینیم عەزیز عەقراوی و هاشم عەقراوی لەگەڵ ئیسماعیل مەلا عەزیز لەوێن، دیار بوو لەگەڵ خانەوادەو خزمەکانیان و بەشێك لە دارو دەستەکەیان هاتبون بۆ بەغدا"، هەریەك لە محەمەد مەحمود (سامی عەبدولرەحمان)، دارا تۆفیق، شەوکەت عەقراوی ئامادەی ئەو دانیشتنە بوون، قسەی زۆر لەسەرهاتنیان کرا، کاتی هاتنەکەیان بە گونجاو نەزانییوە بەتایبەت وادەی 11ی ئادار نزیك ببۆوە کە دەبوایە بابەتی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان لە نێوان حکومەتی عێراق و

شۆڕشی کوردستان یەك لاببێتەوە"، شیرزاد درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: "عەقراوی ڕازی دەبێت تاکو 11ی ئادار هیچ جوڵەیەك نەکات، دوای ئەو ڕێککەوتە خۆی بە ئازاد دەزانی بۆ ئەوەی بیروڕاکانی خۆی ڕابگەیێ ببێت بە نوێنەری گەلی کورد". (شیرزاد، 2011، ص 601 – 602). دەبێت ئەوە بگوترێت عەزیز عەقراوی پێنج برای (صابر، حازم، حەمەدەمین، عەبدولرەحمان، کاروان) لە ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلول دەبن و لە شوێنی هەستیار بەرپرسیارەتیان دەبێت، هیچ یەکێکیان ئامادە نەبوونە لەگەڵی بۆ ناو حکومەت بچن، بەڵام بە ڕۆیشتنی کاریگەری دروست دەبێت لەسەریان بە جۆرێك لە شوێنە هەستیارەکان لەناو شۆڕش بۆ شوێنی لاوەکی دەیانگوازنەوە. (ئاکرەیی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/9/5).

دوای سێ ڕۆژ سامی عەبدولرەحمان داوا کاریبەکانیان لە نامەیەك بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان دەبات، عەزیز عەقراوی داواکارییەکانی بۆ ئیحسان شێرزاد باس دەکات و دەڵێت: "بۆچوونەکانی خۆمان بۆ مەلا مستەفا بارزانی نووسیوە بەم شێوە: یەکەم: شۆڕش پێویستە تێگەیشتنی سیاسیی پێشکەوتووی هەبێت. دووەم: شۆڕش پاکبکرێتەوە لە هەموو جۆرە کەسێکی خراپ. سێیەم: پێویستە خراپەکاران لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت". (شیرزاد، 2011، ص 601). عەقراوی ئامادە بووە بچێتەوە کوردستان بە مەرجێك مەلا مستەفا نووسراوێك بە خەتی خۆی بنوسێت ئامادە بێت داواکارییەکانیان جێ بەجێ بکات و پارێزگاریان لێبکات، چونکە پێی وابووە کلیلی چارەسەری هەموو شتەکان لای ئەوە، لەگەڵ ئەوەش بێ هیوا بووە پێی وابووە هیچ چاکسازییەك ناکرێت (شیرزاد، 2011، ص 602).

ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی نامەیەکی هاوبەش دەربارەی چوونی عەزیزعەقراوی و هاشم عەقراوی و ئیسماعیل مەلا عەزیز بۆ عەلی سنجاری دەنێرن، نامەکە ڕێکەوتی 20ی کانوونی یەکەمی 1973 لەسەرە، لە بەرایی نامەکە باس لەوە دەکەن هەوڵ هەیە خەریکە لەبەغدا لەگەڵیان کۆدەبنەوە بەمەبەستی ڕازیکردنیان بەگەڕانەوە بۆ ناو شۆرش و سەر ڕێگای ڕاست. لە شوێنێکی تری نامەکە باس لەوە دەکەن ئەوان [و اتا سەرکردایەتی شۆڕشی کورد] نایانەوێ واز لەکەس بێنن کە پێشتر لە کاتە سەختەکاندا لەگەڵ ئێمە بوون، حەز دەکەین ئەوان بوونی خۆیان لەناو شۆرش نەدۆڕێنن، بە هەمان شێوە لە بەشێکی تری نامەکە ئاماژە بەوە کراوە، خۆ ئەگەر بڕیار بدەن بەوەی کە ناگەڕێنەوە، ئەوە پاشەڕۆژی خۆیان لەدەست خۆیانە، مانەوەیان لەبەغدا لەتەك دوژمن بەمانای ناپاکی دێت، ئێمە هەوڵی جدی دەدەین ئەو کارە نەکەن، لە کۆتایی نامەکە ئاماژەیان بەوە کردووە چوونییان هیچ لە کاروبارەکان کەم ناکات و هیچ بۆشاییەکیش جێ ناهێڵێ، بەڵکو بەپێچەو انەوە لەو انەیە ڕۆیشتنیان بەرژەوەندی تێدابێت. (وەرگیراوە لە: سنجاري، 2013، ص 389 – 391). دوای ئەوەی لە هاتنەوەیان بێ ئومێد دەبن لە شوێنی عەزیز عەقراوی، ئیدریس بارزانی وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ك) دەستنیشان دەکرێت. (قادر، 2012، ل 69).

لە دانیشتنێکی تری تایبەت بە مەسەلەی عەزیز عەقراوی و ئەو انەی لەگەڵی بوون لە ڕۆژی 23ی کانوونی یەکەمی 1973 بە ئامادەبوونی کۆمەڵێك بەرپرسی (پ.د.ك) لە نێویان سامی عەبدولرەحمان کە ئەرکی نێوەندگیری لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و لایەنگر انی عەزیز عەقراوی لە ئەستۆبوو، لەو دانیشتنە عەزیزعەقراوی دەڵێت: "دەمەوێت ناخی خۆم بە ڕوونی بەدیار بخەم و زۆر بەڕاشکاوی دەربارەی باردۆخی خۆمان قسەبکەم، من نامەوێ و نیازم نیە دژی شۆڕش کاربکەم، وە نامەوێ ببم بە جاش و کار لەگەڵ حکومەتدا بکەم، بەڵام دەزگاکانی ئەمن داو ایان کردووە بەرگری لە خۆمان بکەین چونکە هەڕەشەمان لەسەرە". (شیرزاد، 2011، ص 601). ئەوەی جێگای سەرنجە هەموو بەرپرسانی (پ.د.ك) لە بەغدا لە هەوڵی بەردەوام دابوونە بۆ ئەوەی کارلەسەرگەڕانەوەیان بکرێت، بەڵام لە دواجار ئەوەی دەردەکەوێت تاکو 27ی کانوونی یەکەمی 1973 هیچ جۆرە وەڵامێکیان لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕش وەرنەگرتۆتەوە، بۆیە ڕازی نابن بگەڕێنەوە و بڕیاری مانەوەی یەکجاری لە بەغدا دەدەن. (شیرزاد، 2011، ص 602).

**دووەم: ڕۆڵی عەزیز عەقراوی لە دامەزراندنی (پ.د.ك)ی دروستکراوی حکومەتی عێراق:**

عەقراوی لە بەغدا هەوڵی داوە کەسانێك کە تا ئەو کات لە ڕیزی شۆڕش ماونەوەتەوە ڕازییان بکات تاکو لەگەڵی بمێننەوە، بیروڕای وا لا دروست بووە کە کێشەی کورد بەشەڕ چارەسەر ناکرێت و بە ئامانج ناگات، هەروەها پێی و ابووە حکومەت بەندەکانی ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار جێ بەجێ دەکات، ئەو ڕێگایەی بە سیاسیەت کردن و بەکاری دبلۆماسی زانیوە (گۆمەشینی، 2003، ل 28).

لە سەرەتادا حزبی بەعس بە مەبەستی تانەلێدان و لاوازکردنی (پ.د.ك) و مەلا مستەفا بارزانی، هەوڵی دا دۆستایەتی خۆی بەرانبەرئەوکەسایەتییانە لە سەروویانەوە عەزیزعەقراوی دووپات بکاتەوە. (جەلیل، لازاریف، 2013، ل 488). بۆ ئەو مەبەستە حزبێکی بەهەمان ناوی (پ.د.ك) دروستکرد، عەزیز عەقراوی وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی دیارترینیان و بەناوبانگترینیان دەبێت. (الخرسان، 2001، ص 212).

لە 29ی کانوونی دووەمی 1974 عەزیز عەقراوی و ئەو انەی لەگەڵی بوون یاداشتێکیان ئاڕاستەی سەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (مەلا مستەفا بارزانی) کرد، چەندین ڕەخنەو تۆمەتیان ئاڕاستەی ناوبراو کردو خۆیان وەکو درێژە پێدەری (پ.د.ك) لە ژێر سێبەری بەعس ڕاگەیاند، لەبەر ئەوە دەسەڵاتدرانی حکومەتی عێراق بە گەرمی پێشوازیان لێکردن. (گۆمەتاڵی، 2019، ل 137 – 138). ڕادیۆی دەنگی کوردستانی وەڵامی ئەو نامەیە دەداتەوە عەزیزعەقراوی و ئەو انی لەگەڵی بە چەند کەسێکی کەم لە ڕووی ژمارەوە وەسف کرد، ڕاشیگەیاند ئەوان نوێنەرایەتی گەلی کورد و (پ.د.ك) ناکەن، عەقراوی لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێت: "با باش بزانن بیرکردنەوەمان، بیرکردنەوەی گەلی کوردو ڕۆڵەکانی (پ.د.ك)ە، نەك بیرکردنەوەی چەند کەسێکی کەم. (التاخي، العدد (1603)، 20/نيسان/1974).

سەرئەنجام، (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش)ی عێراق لە 11ی ئاداری 1974، یەکلایەنە یاسای ژمارە (33)ی بۆ ئۆتۆنۆمی لە کوردستاندا دەرکرد، ئەمە وای کرد دیسان شەڕی کوردو حکومەتی عێراق هەڵگیرساوە. (عەبدوڵلا، 2008، ل 250)، ڕۆژێک دوای ئەو ڕێکەوتە عەزیز عەقراوی بروسکەیەك بۆ هەریەك لە سەرۆك کۆماری عێراق أحمد حسن بكر (1914 – 1982) جێگرەکەی صدام حسين (1938 – 2006) دەنێرن، تیایدا پشتگیری خۆی بۆ یاسای ناوبراو دژی شۆڕشی کورد دەردەبڕێت، ڕاگەیاندنی یاساکە لە کاتی دیاریکراوی خۆی بە دەسکەوتێکی نیشتمانی بۆ گەلی عێراق دادەنێت. (الثورة، العدد (1710)، 12 أزار 1974).

حزبی بەعسی دەسەڵاتدارلە عێراق، پێش هاتنی 11ی ئاداری 1974 داوا لە (پ.د.ك) دەكات هاوشان لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی لە بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی پێشكەتنخوازبەشداربێت، (پ.د.ك) بەو داوایە ڕازی نابێت بە بیانووی ئەوەی ئەو بەرەیە ڕێككەوتنێكی دووقۆڵی نێوان بەعسیەكان و شیوعییەكانە، نەك هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بۆ چارەسەر، هەروەها پێی وابوو ڕەچاوی سەنگی حزبەكەیان نەكراوە وەك نوێنەری نەتەوەی كورد. (سعيد، 2017، ل 34).

عەزیز عەقراوی و ئەوانەی لەگەڵی بوون بەڵێنی ئەوەیان دابوو ئەگەر (پ.د.ك) نەچیتە ناو بەرەی ناوبراو، ئەوان بەناوی پارتییەوە پرۆژەی ئۆتۆنۆمی واژوو دەكەن، هەر بەهۆی ئەو لایەنگیریەیان بۆ حزبی بەعس، حزبی بەعس دەیانخاتە ناو حكومەت و دەزگاكانی ئۆتۆنۆمییەوە. (سعيد، 2017، ل 35).

هەروەكو پێشتر ئاماژەمان پێكرد دوای ئەوەی عەزیز عەقراوی لە شۆرش جیادەبێتەوە بە ئاگاداری دەسەڵاتدارانی بەعس بڕیاری پێكەوەنانی حزبێك دەدات بە ناوی (پارتی دیموكراتی كوردستان)، خۆی دەبێتە سكرتێری ئەو حزبە. (بارزانی، 2004، 107 ؛ گۆمەتاڵی،2019 ، ل 138). بەم شێوەیە دوو حزبی جیاوازلە ژێرناوی (پارتی دیموكراتی كوردستان) بە دوو ئاراستەی زۆر جیاواز لە كاركردن دەبن. شایانی باسە عەقراوی پێی وابووە بە ڕێكخستنەوەی حزب و بەستنی كۆنگرە دەتوانن حزب لە سەركردایەتی بارزانی كە دژ بە ئۆتۆنۆمی ناوچەی كوردستان وەستاوەتەوە ڕزگار بكەن. (التاخي، العدد (1603)، 20/نيسان/1974).

لە ڕاستییدا ئەو پارتە بە بەڵێن و دروشمە بریقەدارەكانی حكومەتی عێراق هەڵخەڵەتان، گوایە حكومەت لە ڕێگەی ئەوانەوە بەندەكانی یاسای ئۆتۆنۆمی جێبەجێ دەكات، بەڵام ئەو پارتە جگە لە پارتێكی كارتۆنی چیتر نەبوو، لە ناو خەڵكیش هەر بەو ناوە ناسرابوو، چونكە نە خاوەنی سەربەخۆیی بوو لە بڕیاردانی سیاسیداو نە بنكەیەكی جەماوەریشی هەبوو تا گوزارشت لە گەلی كورد بكات، بەڵكو دەسەڵاتدارانی عێراق چۆنییان بویستبایە ئاوا هەڵێیان دەسوڕاند. (گۆمەتاڵی، 2019، ل 138). شایانی باسە ئەوزانیارانەی سەرەوە لە بەڵگەنامەیەكی بەریتانیش دەردەكەوێت، پارتەكە بە پارتێكی لاواز و دەسەڵات سنوردار وەسف دەكات، بەوەی كاریگەریەكی كەمی هەبوو لەسەر هەموو ئەو ڕووداوانەی لە كوردستان ڕوویان دەدا. (حبيب، 2017، ص123).

دەزگا ئەمنییەكان بە جۆرێك كەسانی سەر بە خۆیان خزاندبوە ناو (پ.د.ك)ی (كارتۆنی) بۆ نموونە (موحسین تاهیرقادربەرزنجی) بەرپرسی لقی هەولێری ئەو حزبە، لە كۆبوونەوەكانی لق كە دەكران كۆنووسی كۆبوونەوەكانی دەكردە دوو دانە، یەكێكیانی دەبرد بۆ دەزگا ئەمنییەكانی حزبی بەعس، ناوبراو ئەوەی نادەشاردەوە بەڵكو بە ئاشكرا دەیگوت: "دەبێت دائیرەی ئەمن بزانێت ئێمە خەریكی چین و چی دەكەین". (فەرهادی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/8/9)[12].

پێش نسكۆی شۆڕشی ئەیلول لە 6ی ئاداری 1975 بە گووتەی یەكێك لەوانەی لە ڕیزی حزبەكە بووە، ئەو حزبە جۆرێك سەربەخۆیی خۆی پاراستبوو، بەڵام دوای نسكۆ ئیتر شتێك نامێنێتەوە بە ناوی سەربەخۆیی بڕیاردان لەناو ئەو حزبە، دەزگا ئەمنیەكان هەوڵی تەواو دەدەن بۆ ئەوەی بە تەواوی بیخەنە ژێرڕكێفی خۆیان، زۆركەس لە پیاوانی خۆیان دەخزێننە ناو ڕیزەكانی. بەڵام عەزیز عەقراوی لەسەر ئەو بابەتە هەمیشە ناكۆك بوو لەگەڵ بەشی زۆری بەرپرسەكانی حزب، هەربۆیەش دواتر دەكەونە دژایەتی كردنی و لە سكرتێری حزب دووری دەخەنەوە. (ئادەم، چاوپێكەوتن، 2020/9/10).

ئەوەی جێگەی سەرنجە حزبی شیوعی عێراقی كار لەسەر ئەوە دەكەن هەندێك لە ئەندامەكانی خۆیان بنێرنە ناو حزبەكەی عەزیز عەقراوی، بەمەبەستی ئاگاداری بوون لە جموجۆڵەكانیان و ڕێگری كردن لە هەموو ئەو خەڵكە خراپانەی كە لەلایەن دەزگا ئەمنییەكان دەنێردرانە ناوی، بۆ پاڵپشتیكردنی ئەو ڕاستییە مومتاز حەیدەری دەڵێت: "حزبی شیوعی داوای لە من كرد بچمە ڕیز حزبەكەی عەزیز عەقراوی، من و عومەر شەریف و عومەرفەرهادی لەگەڵ عەبدوڵلا سەیدۆ، ئەوكارەمان كرد، عومەرشەریف بەرپرسی نهێنی ئێمە بوو"، حەیدەری بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "حزبی شیوعی ئەو كارەی بۆ ئەوە دەكرد تاكو كۆنتڕۆڵی حزبەكە بكەن لە بەرژەوەندی خۆیان و بزووتنەوەی نیشتمانی بەكاری بهێنن، هەروەها بۆ ئەوەی نەبێتە داردەستێك بە دەست حزبی بەعس، لە كۆتایی بەعس توانی تەواو كۆنتڕۆڵی بكات و پڕی بكات لە سیخوڕی خۆی، ئیتر دوای دوو مانگ بڕوای تەواوم بۆ دروست بوو كە ناتوانم بەردەوامبم لەگەڵیان، بۆیە وازم لێهێنان". (حەیدەری، چاوپێكەوتن، 2020/7/24).

لە لایەكی تر هەر سەبارەت بەم بابەتە بەكر مەلا ئادەم وەكو ئەندامێكی حزبی شیوعی، یەكێكی ترە لەوانەی بە ئاگاداری حزبەكەی چووەتە ڕیزی (پ.د.ك)ی سەر بە عەزیز عەقراوی، تا ئەو كاتەش عەقراوی لە سكرتێری حزبەكەی لادەدرێت، ئەو بەردەوام دەبێت دواتر بە پرسكردن بە حزبی شیوعی واز لە حزبەكە دەهێنێ هیچ پەیوەندیەكی پێیانەوە نامێنێ. (ئادەم، چاوپێكەوتن، 2020/9/10). هەر سەبارەت بە پەیوەندی كردنی ئەندامانی حزبی شیوعی عێراقی بە حزبەكەی عەزیز عەقراوی سەرچاوەیەكی تر خوێندنەوەیەكی جیاواز بۆ پرسە دەكات، پێی وایە ئەم كارە لەلایەن خودی (عەزیز محەمەد)[13] كراوە، بۆ ئەو مەبەستە داوا لە (شەوكەت خەزنەدار) دەكات چەند كەسێك بۆ ئەو مەبەستە دەست نیشان بكات، بەڵام ئەو كارەكە ڕەت دەكاتەوە، پێی وایە عەزیز محەمەد ئەو كارەی بۆ ئەوە دەكرد تاكو خزمەتێكی گەورە بە سەدام حوسێن بكات. (خزندار، 2005، ص 282 – 283).

جێگای سەرنجە حزبی بەعس پێش ئەوەی شەڕ لەگەڵ شۆڕشی كورد دەست پێبكاتەوە بەڵێن بە عەزیزعەقراوی دەدەن لە ناو بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشكەوتنخواز سێ ئەندام بە پارتەكەی بدەن، لەسەر بنەمای ئەوەی ئەو سێ ئەندامە بۆ (پ.د.ك) و سەركردایەتی شۆڕشی كوردستان دانرابوو، بەڵام ئەوان ڕەتیان كردەوە بێنە ناو بەرەی ناوبراو. بەعسیەكان بەرانبەر ئەو بەڵێنەی بە عەزیز عەقراوی دەدەن ڕاستگۆ نابن، بەڵكو پێی ڕادەگەینن دەبێت لەگەڵ هەردوو حزبە كوردیەكە[14]ی تر هەر یەكەو ئەندامێكتان پێبدرێت، عەقراوی بەو بریارە پەست دەبێت، چونكە پێی وابووە ناكرێ كەسێكی وەك عەبدولستار تاهیرشریف هاوتای ئەو بكرێت و لەگەڵی دابنیشێ. (فەرهادی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/8/9). دواجار لە 11ی شوباتی 1975 كۆمیتەی باڵای بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشكەوتنخواز بڕیار دەدات پارتی دیموكراتی كوردستانی سەر بە عەزیز عەقراوی ئەندامێكی لە بەرەدا هەبێت. (شريف، ب2، 2007، ل 161).

لە زۆرێك ڕووپەڕەكانی ڕۆژنامەی التأخي كە عەزیز عەقراوی خۆی خاوەنی ئیمتیازی بووە، ئەوە دەردەكەوێت عەقراوی سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلول بە سەركردایەتی مەلا مستەفای بارزانی بە ناڕەوا زانیوە، هۆكارەكەشی بۆ پەیوەندی بارزانی بە دوژمنانی گەلی كورد گەڕاندۆتەوە، هەروەها ئاماژە بەوەش دەكات ئەوان كار دەكەن بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بەستنی كۆنگرەیەكی ڕەوا بە هاوكاری كەسە تێكۆشەرەكانی حزب (پ.د.ك) لە ژێر دەسەڵاتی بارزانی بهێننە دەرەوە. (التأخي، العدد (1603)، 20/نیسان/1974).

حزبی بەعس بارودۆخێكی وای بەسەر عێراق و بەتایبەت باشووری كوردستان سەپاندبوو بەشێوەیەك ئامادە نەبوو دەروازەیەكی بچووك بە ڕووی ئازادییە دیموكراتییەكان بكاتەوە، كە خۆی لە دەركردنی ڕۆژنامەو گۆڤاری سەربەخۆو دامەزراندنی پارت وكۆمەڵەی سیاسیی دەبینیەوە، تەنها ڕێگەی بە پارت و ڕێكخراوێك دەدا لە وڵات كاربكات كە حزبی بەعس وەك حزبی سەركردە بناسیباو بە حزبی پێشڕەوی لەقەڵەم دابا، ئامانجێكی تری حزبی بەعس لە ڕێگەدان بە حزبە كوردیەكانی ژێر دەسەڵاتی خۆی ئەوەبوو پڕوپاگەندە بەنێوی پیادەكردنی یاسای فرە حزبی پێدانی مافی سیاسیی كوردو چەواشەكردنی ڕای گشتی نێوخۆو دەرەوەدا بەكاریدەهێنان، حزبەكەی عەزیز عەقراویش كاركردنی لەو چوارچێوەدا بوو. (تەیب، 2012، ل 164 – 165)، ڕاستی ئەمەش لە چاوپێكەوتنێكی عەزیز عەقراوی لەگەڵ ڕۆژنامەی (التأخي) دەردەكەوێت كە بەبۆنەی 17 – 30 تەموز ساڵیادی هاتنە سەر دەسەڵاتی حزبی بەعس لەگەڵی ئەنجامدراوە، لە پرسیارێكی لێكراوە سەبارەت بە دەسكەوتەكانی شۆڕشی 17 تەمووز بۆ گەلی كورد چی بوو؟ لە چوار خاڵ وەڵامەكەی داوەتەوە: یەكەم: بەیانی 11ی ئاداری 1970 كە مافی نەتەوەیی گەلی كوردی لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی دەستەبەر كرد. دووەم دەركردنی یاسای دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی ساڵی 1974 بۆ ناوچەی كوردستان. سێیەم: دامەزراندنی هەردوو ئەنجوومەنی یاسادانان و جێبەجێكردن لە 5ی تشرینی یەكەمی 1974. چوارەم: پیادەكردنی چالاكی سیاسیی حزبمان پارتی دیموكراتی كوردستان بە شێوەیەكی ئاشكراو و دەركردنی ڕۆژنامەی (التأخي) زمانحاڵی فەرمیمان. (العدد 1962، 17/تموز/1975، ص 1). دەكرێت ئەم چاوپێكەوتنەی عەقراوی وەك ڕیپۆرتاژێكی ڕۆژنامەوانی سەیر بكرێت لەبەر ئەوەی زیادەڕەوی تێدایە، بەعسییەكان دوای ئەوەی لەسەر یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی كوردستان لەگەڵ سەركردایەتی شۆڕشی كورد نەگەیشتنە ڕێككەوتن و گفتوگۆكان بەبنبەست گەیشتن، بۆیە تاك لایەنە پڕۆژەكەیان ڕاگەیاند. ئەو یاسایە بەرانبەر ئەو بەڵێنانەی لە ساڵی 1970 بەكورد دران، زۆر كورتهێن بوو، بە داوا هەمیشەییەكانی وەك دابەشكردنی ڕێژەیی بۆ داهاتی نەوت و خستنە نێوبازنەی ناوچە دەوڵەمەندەكان بە نەوت و شارە سەرنجڕاكێشە كەلتوریەكەی كەركوك بۆ نێو بازنەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، لەوەش زیاتر یاساكە دەسەڵاتی دابووە حكومەتی عێراق بۆ ڤیتۆكردنی هەر یاسایەكی كوردی، ئەمە وای كردبوو یاساكە بێ بەها بێت. (گیبسن، 2019، ل 388).

عەزیز عەقراوی لە چاوپێكەوتنێكی لەگەڵ ڕۆژنامەی (اللواء البیروتیة) كە دەقەكەی لە ڕۆژنامەی (التأخي) بڵاوبۆتەوە دەڵێت: "حكومەتی عێراقی دەستی كردووە بە جێبەجێكردنی پڕۆژەی گەشەپێدان و بەكاری لە پێشینەی خۆی دەزانی لە ناوچەكانی ئۆتۆنۆمی كوردستان" هەروەها دەڵێت: "حكومەت پڕۆژەی ئاوەدان كردنەوەی گوندەكانی كوردستانی بە دەستەوەیە ئەوانەی لە ماوەی ڕووداوە ناخۆشەكان تووشی زەرەرهاتون [مەبەست لێی شەڕەكانی نێوان حكومەتی عێراق و شۆڕشی كوردستان]ە، هەروەها پێی وایە حكومەت خزمەتگوزاری و هاوكاری دارایی بەپەلەی گەیاندۆتە ئەو هاوڵاتییە كوردانەی كە گەڕاونەتەوە و بەر بڕیاری لێبوردنی گشتی كەوتوون. (التأخي، العدد (1905)، 10/ أیار/ 1975).

پاش ئەوەی حزبی بەعس دەگاتە ئەو باوەڕەی ناتوانێ سوود لە عەزیز عەقراوی وەرگرێت، دەكەوێتە پلان دانان بۆ ئەوەی لە سكرتێری حزبەكە دووری بخاتەوە. (حەیدەری، چاوپێكەوتن، 2020). بۆیە لەو چوارچێوەیەدا لە سەرەتاكانی كانوونی دووەمی 1976 ساڵح حەیدەری وەكو ئەندامی مەكتەبی سیاسیی، سێ لە ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی (سەعید قادر جاف، فازیل عەلی حوسێن، محەمەد ئەمین حەیدەری) ئەو حزبە دوای بڵاوكردنەوەی بەیاننامەیەك لە دژی عەزیز عەقراوی ناوبراویان لە سكرتێری حزب لادا، لە ڕاستیدا دەزگا ئەمنیەكانی حكومەت ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان لەو مەسەلەیەدا هەبوو. (گۆمەتاڵی، 2019، ل 138،140). لادانی عەقراوی پەیوەندی بە هەڵوێستەكانی بوو، هەرشتێك كە حزبی بەعس دەیگووت ئەو پێی ڕازی نەدەبوو، دەبێت ئەوەش بگوترێت ئەوەی كرا دژی عەقراوی بە سەرپەرشتی خودی (تەها جەزراوی)[15] بوو. (فەرهادی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/8/9).

لە دەركردنی بەیانەكە دژ بە عەقراوی عەبدولستار تاهیر شەریف وەكو سكرتێری پارتی شۆڕشگێڕی كوردستان لەگەڵیان هاوكار دەبێت، بە بیانووی ئەوەی عەقراوی هەڵوێستی زۆر خراپ بووە، لەوەی هەركاتێ وتاری ناردووە بۆ ڕۆژنامەی (التأخي) ئەو ڕێگای بڵاوكردنەوەی پێنەداوە. (شریف، ب2، 2007، ل 143 – 144).

شایانی باسە پێش ئەوەی عەزیز عەقراوی دووربخرێتەوە لە سكرتێری حزبەكەی، حكومەتی عێراق نیازی وابوو هەر سێ حزبە كوردیەكە (پارتی دیموكراتی كوردستانی سەر بەعەزیز عەقراوی، پارتی شۆڕشگێڕانی كوردستان سەربە عەبدولستار تاهیر شەریف، پارتی پێشكەوتنی كوردستان سەربە عەبدوڵڵا ئیسماعیل ئەحمەد) بە كردەیەكی نهێنی بكات بەیەك حزب ناوی بنێت (الحزب الدیمقراطي الكردستاني الموحد) هاشم عەقراوی بە سكرتێری حزبەكە دەست نیشان بكرێت، بەڵام ئەو هەوڵە لەلایەن عومەر فەرهادی كە بە ڕێنمایی حزبی شیوعی لە ڕیزەكانی حزبەكەی عەزیزعەقراوی ئەندام بووە ئاشكرا دەكرێت، حزبی شیوعیش عەقراوی لەو هەوڵە ئاگادار دەكاتەوە، ئەویش لەلای خۆیەوە پلانەكە شكەست پێدەهێنێ. (فەرهادی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/8/9).

دوای ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمی تاك لایەنە لەلایەن حزبی بەعس لە 11ی ئاداری 1974، لەو كاتەدا بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی (التأخي) تووشی سەرسوڕمان بوون لەوەی هەمان ڕۆژنامە بە هەمان ناوو شێوە و گۆڕانكاری تەواو لە ناوەڕۆكی لەلایەن حكومەت و دەسەڵاتدارانی بەعس خاوەنی ئیمتیازەكەی بە عەزیز عەقراوی دەدرێت، لە بەرانبەر ئەم كارە (16) كەس لە ڕۆژنامەی (التأخي)ی سەربە سەركردایەتی شۆڕشی كوردستان لە ڕێگەی دەنگی كوردستانی عێراق بەیانێك دەردەكەن تیایدا بە توندی ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن. (عوني، 2011، ص 210).

عەزیز عەقراوی دوای دووساڵ مانەوەی وەكو خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی (التأخي)، ڕۆژنامەكە ناوی بۆ (العراق) دەگۆڕدریت. سەبارەت بە ناو گۆڕینی

ڕۆژنامەی (التأخي) بۆ (العراق) کەریم ئەحمەد دەڵێت: "لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی باڵای بەرەدا [مەبەست بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز]ە، کاك تایەر شەریف [مەبەست عەبدولستار تاهیر شەریف]ە سکاڵای لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (التأخي) کرد کە هەرچییەکیان بۆ ناردوون بڵاویان نەکردۆتەوەو وایدانا کە ڕۆژنامەکە بۆ هەمووانە" کەریم ئەحمەد درێژە بەباسەکە دەدات دەڵێت: "نەتەوەپەروەری کۆچکردووی دڵسۆز عەزیز عەقراوی وەڵامی دایەوە ڕۆژنامەکە زمانحاڵی حزبەکەیەتی، ئەی خۆی بۆچی داوای مۆڵەتی دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بەناوی حزبەکەی ناکات، سەدام زۆر بەتوڕەیی وەڵامی عەزیز عەقراوی دایەوە گوتی ڕۆژنامەکە بۆ هەموو حزبە کوردییەکانەو دەبێ دەستەیەکی نووسەرانی هاوبەشی بۆ هەمووان هەبێت، ناویشی دەگۆڕین دەبێ بە (العراق) لە جیاتی (التأخي)"، کەریم ئەحمەد بەردەوام دەبێت و دەڵێت "عەزیز عەقراوی بە سروشتی خۆی و سەرگەرمیی کوردانەی خۆی گوتی قایل نابین". سەدام گوتی: (قایل نابین نییەو دەشبینی چۆن قایل دەبی) بۆ ڕۆژی دوایی ڕۆژنامەکە بەناوی (العراق) دەرچوو". (ئەحمەد، 2007، ل 264). هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی ڕۆژنامەی (التأخي) بە بڕیاری حکومەت لە 16ی شوباتی 1976 بوو، بە هەمان بڕیار ڕۆژنامەی (العراق) مۆڵەتی دەرچوونی پێدرا، ژمارە یەك یشی لە 18ی شوبات دەرچوو. (گۆمەتاڵی، 2019، ل 166).

بەم جۆرە دەستەیەك بۆ خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی عێراق دەست نیشان دەکرێن کە پێکدێن لەهەر یەك لە: (هاشم حەسەن عەقراوی، ساڵح حەیدەری، عەبدوڵڵا ڕۆژبەیانی، فایەق جەمیل، عەبدولئیلا موسا، محەمەدەمین محەمەد). دوای چوار ڕۆژ گۆڕانکاری بەسەر ئەم دەستەیە دێت بە شێوەیەك هاشم حەسەن عەقراوی وەکو سەرۆکی دەستەی ئیمتیاز دیاری دەکرێت، هەریەك لەوانەی سەرەوەش کە ناویان هاتووە بە ئەندامی دەستەی ئیمتیازی ڕۆژنامەکە دەست نیشان دەکرێن. (العراق، العدد (1)، 1976/2/18 ؛ العراق، العدد (4)، 1976/2/22)، هەر یەك لە عەبدوڵڵا ڕۆژبەیانی و فایەق جەمیل لە پارتی شۆڕشگێڕانی کوردستان دەبن. (شریف، ب2، 2007، ل 123).

مومتاز حەیدەری سەبارەت بەناو گۆڕینی ڕۆژنامەی (التأخي) بۆچوونێکی دیکەی تری هەیە و دەڵێت: "حزبی بەعس پێی وابوو ئەو ڕۆژنامەیە بمێنێتەوە هەر بە هەمان (التأخي)کەی سەردەمی مەلا مستەفای بارزانی ئیعتبار دەکرێت، لەلایەکی تر عەزیز عەقراوی حەزی دەکرد بە هەمان ناو بمێنێتەوە وەکو ئەوەی سەردەمێك شانازی میللەتی کورد بووە"، حەیدەری درێژە بەو باسە دەدات دەڵێت: "سەرەتا کۆمەڵێك ناویان هێنا پێشەوە لەوانە (کوردستان، تێکۆشان، خەبات) بەڵام لەلایەن حزبی بەعس ڕەتکرانەوە، ئەوان دەیانویست ناوێك بێت ڕەمزی یەکێتی عێراق نیشان بدات، بۆیە بە (العراق) ناونرا. (حەیدەری، چاوپێکەوتن، 2020/7/14).

سەدام حوسێن حزبە کوردییەکانی دروستکراوی دەستی خۆی بوون، ئەوانی تەنها بۆ بانگەشە بەکاردەهێنا، باوەڕی بە بوونی حزبی کوردی یان هیچ حزبێکی تر نەبوو، هەربۆیەش زۆربەی زۆری ئەندامانی حزبەکەی عەقراوی کران بە پیاوی ئەمن و لایەنگرانی حزبی بەعس. (شریف، 2007ب2، ب2، ، ل 92). عەبدولستار تاهیر شەریف لە یاداشتەکانی لەبارەی هەمان ئەو حزبە کوردییانە دەڵێت: "لە ڕاستی دا نە ئێمەو نە کۆمەڵەکەی عەزیز عەقراوی فرمان بەسەر پارتییەوە نەبوو" درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: "ئەمەیە گەمەی سیاسەت لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا، ئەوەی دەمانکرد خۆ هەڵخەڵەتاندن بوو. (شریف، ب2، 2007، ل 207 – 208). هەڵبەتە کارکردنی عەقراوی وەکو سەرنوسەری ڕۆژنامەی (التأخي) ئەگەر بۆ دەستکەوت و ناوبانگ نەبووبێت هیچی ترنەبووە، چونکە زۆربەی بابەتەکانی لەو ڕۆژنامەیە بڵاودەکرایەوە بە تایبەت دوای ئەوەی شەڕ دەستپێدەکاتەوە و پەیوەندی نێوان حزبی بەعس و (پ.د.ك) تێکدەچێت، پەسنی ڕژێمی عێراقی و حزبی بەعس دەکات، هیچ جۆرە هەڵوێستێکی بەرانبەر ئەو هەموو چەوسانەوەی دەرکرا دژ بە گەلی کورد نەدەنواند، بەڵکو لە زۆر جێگا دژی بزووتنەوەی کوردی دەوەستایەوە، ئەمەش مایەی ڕەخنەگرتنە لە عەقراوی.

دەسەڵاتدارانی حزبی بەعس هەمیشە ئەگەرلە کەسێکی بەرپرسی کورد لە ڕێزی پارتە کوردییەکانی سەربەخۆی بە گومان بووایە، پلانی بۆ ئەوە دادەڕێشت کەسێکی تری دەهێنایە پێش ئەوەی مەبەستی بوایە دووری دەخستەوە، یەك لەوانەی ئەو کردارەی بەرانبەرکرا عەزیز عەقراوی بوو. (شریف، ب2، 2007، ل 198 – 199). لەگەڵ ئەوەش ئەگەر بیانزانیبا بەرپرسێك لەناو حزبەکە هەمان بیرکردنەوەی عەقراوی هەیە لێی نزیکە بەهەمان شێوە دووریان دەخستەوە، بە نموونە عەلی شەریفی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی، دوای ئەوەی عەزیز عەقراوی دوور دەخرێتەوە، ئەویش لە حزبەکە نامێنێ حزبی بەعس دووری دەخاتەوە. (فەرهادی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/8/9).

سێیەم: ڕۆڵی عەزیزعەقراوی وەکو وەزیرلە ناو حکومەتی عێراقدا:

بەهۆی ئەو بارودۆخەی ناهەموارەی دێتە پێشەوە، ئیتر لە 7ی نیسانی 1974 مەرسومێکی کۆماری دەردەچێت، تیایدا هەر پێنج وزیرە کوردەکەی کە لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان بە پێی ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار دامەزرابوون، بەهۆی دووبارە دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان لە پۆستەکانیان دوور دەخرێنەوە. لە شوێنی ئەوان پێنج کوردی تر بە وەزیر دادەمەزرێن لە نێویاندا ناوی عەزیز عەقراوی وەکو وەزیری دەوڵەت هاتووە. (هاوکاری، ژمارە (213)، 1974/4/12).

ئەوەی جێگای سەرنجە لە سەرچاوەیەک ئاماژەی بۆ کراوە عەزیزعەقراوی لەسەر پشکی حزبی بەعس پۆستە وزاریەکانی وەرگرتووە، لەکاتێکدا جگە لە کەسایەتی سەر بە حزبی بەعس کەسایەتی لە ئاڕاستەی (پارتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، حزبی شیوعی، بێ لایەن) پۆستەکانیان وەرگرتووە. (عباس، عباس، 2017، ص 62 – 69). پێچەوانەی ئەو سەرچاوە کە پێی وایە عەزیز عەقراوی چووەتە ریزەکانی حزبی بەعس، هەموو ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەست بوون لەو توێژینەوە بەکارهاتوون هیچ یەکێکیان ئاماژە بە بەعسی بوونی عەزیزعەقراوی ناکەن بە بەڵگەی ئەوەی نەیویستووە خۆی ڕادەستی بەعس بکات. بۆ سەلماندنی ئەمە دەکرێت ئەمە بەلگە بهێندرێتەوە: لەکاتی ناکۆکی لەگەڵ هاشم عەقراوی لەسەر ئەوەی کە دەبێت عەزیزعەقراوی لە سکرتێری حزبەکە نەمێنێت، لە کەرکوك کۆنفرانسێك دەبەستن بەمەبەستی بە لانانی ململانێکانی نێوانیان و چارەسەری کێشەکانیان، بەڵام ناگەن بە هیچ لێك تێگەیشتنێك، عەزیز عەقراوی دەبێتە شەڕی لەگەڵ هاشم، هەتا بەلێدان ڕووبەڕووی دەبێتەوە و پێی دەڵێت: "ئەگەر من

بمویستبایە لەگەڵ حزبی بەعس کارم بکردبایە، ئەوە بە دامەزراندنی ئەو حزبە ڕازی نەدەبووم". (ئادەم، چاوپێکەوتن، 2020/9/10).

هەر سەبارەت بە بەعسی بوونی عەزیز عەقراوی کەسێکی تر کە ئاگایەکی زۆری هەیە لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەم دەڵێت: "لە چوارچێوە گشتیەکەی عەزیز عقراوی کەسێکی نیشتمان پەروەر و کورد پەروەر بوو، ڕاستە لە شۆڕش و مەلا مستەفا جودا ببۆوە، بەڵام گرنگترین خاڵ لەلای من کە نابێت ببێتە بەعسی، ئەوەیە داوای کردبوو بێتە ڕیزەکانی حزبی شیوعی ئەوە لوتکەی دڵسۆزی عەزیز عەقراوی نیشان دەدات". (حەیدەری، چاوپێکەوتن، 2020/7/14). ئەوەی جێگای سەرنجە عەزیز عەقراوی لە کاتی جیابوونەوەی لە (پ.د.ك)، داوا لە عەزیز محەمەدی سکرتێری حزبی شیوعی دەکات ڕێگەی پێبدەن بێتە ڕیزی حزبەکەیان، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو کات حزبی شیوعی و پارتی لە ناکۆکی دابوون، بۆ ئەوەی ناکۆکییەکان قوڵتر نەبنەوە داواکەی ڕەت دەکەنەوە، پاش ئەوە عەزیز محەمەد بە عەقراوی دەڵێت: "ئێمە شانازیت پێوە دەکەین، بۆ تۆ باش نییە بێیتە ڕیزەکانی حزبی شیوعی، بەڵام وا دابنێ ئەندامێکی حزبی شیوعی کاری خۆت دەکەی، ئێمەش وا سەیرت دەکەین ئەندامێکی خۆمانی". (حەیدەری، چاوپێکەوتن، 2020/7/14).

هەرچەندە عەزیز عەقراوی پۆستی وزاری وەرگرتووە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو پروپاگەندەو قسانەی دەکرێت، جیاوازییەکی زۆری هەبووە لەگەڵ وەزیرە کوردەکانی تر، بەبێ ئەوەی ڕازی بێت بەو کردەوە نابەجێیانەی حکومەتی عێراق دوای نسکۆی شۆڕشی کورد بەرانبەر بە کورد دەیکرد، هەر ئەوەش وادەکات لە کۆتاییدا عێراق بەجێبهێڵێت و بکەوێتە دژایەتی حکومەتی عێراق. (حبیب، 2017، ص133).

جەمشید حەیدەری وەک مامۆستایەکی زانکۆ لە یاداشتەکانی لەبارەی هەڵوێستی سیاسیی عەزیز عەقراوی بەرانبەر حزبی بەعس ئەوەهای نووسیوە: "پێویستە مرۆڤ بە ویژدان هەڵوێستی موقەدەم عەزیز، لە هەڵوێستی هاشم عەقراوی و ئەوانی تر جیا بکاتەوە، هۆی تایبەتی و بابەتی پاڵی پێوەنا بچێتە پاڵ ئەو ڕێکخراوە [مەبەست (پ.د.ك)ی دروستکراوی بەعسە]، بەڵام لە ئاکامدا گەیشتە ئەو باوەڕە، کە ناتوانی هاوکاری بەعس بکات و سەربەخۆیی و بۆچوونی خۆی بپارێزێت، ئەوەش وا دەکات سەرەڕای وەزیری بوونی، ڕایکردە سوریا و پەنابەری هەڵبژارد". (حەیدەری، 2013، ل 202). لەلایەکی تر ئاسۆ کەریم هەمان بۆچوونی ئەو مامۆستایەی زانکۆی هەیە دەڵێت: "نابێت عەزیز عەقراوی بەراوردبکرێت لەگەڵ هاشم عەقراوی، چونکە هاشم دەبێتە پیاوێکی زۆر نزیك لە حزبی بەعس و لەسەر هەڵوێستەکەشی بەردەوام بوو تاکو کۆچی دوایی دەکات، کەچی عەزیز وەکو کەسێکی نیشتمانپەروەرو نەتەوەپەروەرناتوانێ هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی بەعس بەرانبەر بە میللەتەکەی قبوڵ بکات" هەر ئەو کەسایەتییە لە بارەی ئەوەی عەقراوی ساڵی 1973 چووەتە لای بەعس پێی وایە چوونەکەی ناپاکی نەبووە، وەکو ئەوەی دوای ڕۆیشتنی بڵاوبۆوە، ڕاستە هەڵوێستێکی هەڵە بووە، بەڵام من بە ناپاکی نازانم لەبەر یەك هۆکار، ئەویش ئەوەیە حزبی بەعس لێی ڕازی نەبوون، ئەمەش وا دەکات ساڵی 1980 دووبارە پەیوەندی بکاتەوە بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی". (کەریم، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/6/15).

ڕاسپاردنی عەزیز عەقراوی بۆ پۆستی وەزیری دەوڵەت وەکو ئەوەی لە ڕۆژنامەی (الثورة)ی زمانحاڵی حزبی بەعس داهاتووە، ئەو ڕۆژنامە پێی وایە لەبەر ئەوە عەقراوی پۆستی تری پێنەدراوە، بۆ ئەوەیە تاکو بەتەواوی خۆی تەرخان بکات بتوانێ کاروچالاکییە جەماوەرییەکانی فراوان بکات، بەمەبەستی سەرخستن و جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان، هەروەها بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی پیلانگێڕی کۆنەپەرستان ببێتەوە. (العدد 1732، 1974/4/8، ص 7).

لەو کاتەی عەزیز عەقراوی چ وەك سکرتێری (پ.د.ك) دروستکراوی حزبی بەعس و چ وەك وەزیری دەوڵەت لە حکومەتی عێراق دەست بەکار دەبێت، لە دە ڕۆژی کۆتایی مانگی نیسانی 1974 دەکەوێتە جموجۆڵێکی زۆر بەوەی سەردانی شار و بەشێك لە شارۆچکەکانی باشووری کوردستان دەکات. بە نموونە لە 21ی نیسانی 1974 سەردانی شاری هەولێر دەکات، بەمەبەستی دووبارە ڕێکخستنەوەی (پ.د.ك)ی دروستکراوی حزبی بەعس، بۆ ئەم مەبەستە بارەگا لەو شارە دەکاتەوە، لەکاتی کردنەوەی بارەگاکە وتارێك پێشکەش دەکات، تیایدا دەزگا ئۆتۆنۆمییەکانی کە لەلایەن حزبی بەعسەوە دامەزرا بوون وەکو دەزگای شەرعی دانپێنراو و ڕاستەقینە ناساندووە، پێی وابووە گەلی کورد دەتوانێ مافە نەوتەوەییەکانی لە ڕێگای ئەو دەزگایانە و بە هاوکاری حزبی بەعس بەدەست بهێنێت، لە هەندێك لە ووتەکانی تریش کەوتووتە پیاهەڵدانی حزبی بەعسی و دەسەڵاتدارەکانی، بە کەسانی خەمخۆر و جێبەجێکاری مافەکانی گەلی کوردی ناوبردوون. (التآخي، العدد(1604)، 1974/4/21). سەردانیکردنی شارە کوردییەکان بە هەمان مەبەستی سەرەوە لەلایەن عەقراوییەوە بەردەوامی دەبێت[14].

عەقراوی سەرەتای بوونی بە وەزیری دەوڵەت لە حکومەتی عێراقی تەواو خۆی خستۆتە ژێرکاریگەری سیاسەتی حزبی بەعسەوە، وەك ئەوەی دەڵێت: "یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان کە حزبی بەعس ڕەوایەتی پێداوە خۆی لە پێدانی مافەکانی نەتەوەیی گەلی کورد دەبینێتەوە"، هەروەها دەڵێت: "حزبی بەعس دەتوانێ پرسی کورد بە شێوەیەکی دیموکراتی و دادپەروەرانە چارەسەربکات". (التآخي، العدد (1604)، 21/نیسان/1974 ؛ الثورة، العدد (1743)، 21/نیسان/1974 ؛ التآخي، العدد (1962)، 17/تموز/1975). ئەمەش بێئاگایی و دڵسافی عەزیز عەقراوی بەرانبەر نیازە خراپەکانی حزبی بەعس نیشان دەدات، بە بەڵگەی ئەوەی هەر زوو دوای نسکۆی شۆڕشی کورد لە ئاداری 1975 دووبارە سیاسەتە شۆڤێنیەکانی بەرانبەرگەلی کورد ئاشکرا بوون.

لەلایەکی تر ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە 21ی حوزەیرانی 1977 ڕایگەیاند عەبدولستار تاهیر شەریف بەخشرا لە پۆستی وەزیری گواستنەوە، لە شوێنی ئەو عەزیز عەقراوی کرا بە وەزیری هەمان وەزارەت. (عباس، عباس، 2017، ص 62 – 69).

حکومەتی عێراق هەوڵیدەدا سود لە پێگەی عەزیز عوقراوی ببێ وەکو وەزیر، بۆیە لە بەرژەوەندی خۆی ڕایدەسپێرێ سەردانی وڵاتانی ئەمریکاو ئەوروپا بکات، بە مەبەستی ڕازیکردنی ئەو کوردانەی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول ڕوویان لە دەرەوە کردبوو. بە نموونە لە ڕێکەوتی 8ی کانوونی دووەمی 1977 لەگەڵ شاندێك سەردانی هەر یەك لە وڵاتەکانی (ئەمریکا، کەندا، سوید، فەرەنسا، فلندا) دەکا، سەرباری ئەوەی فشاری زۆریان بۆ دەهێنن بەوەی دەبێت بە ڕۆڵی خۆیان هەڵسن بۆ ڕاگرتنی شۆرش و بگەڕێنەوە وڵات،

بەڵام هەوڵەکانیان شکەستی هێناوە. (حبیب، 2017، ص 146). لە هەمان مانگ و ساڵ بە هەمان مەبەست دوای (16) ڕۆژ دووبارە سەرۆکایەتی شاندێکی شەش کەسی دەکات لە نێویان (بابەکر مەحمود پشدەری)[17] دەبێت، سەردانەکە بۆ وڵاتی ئەمریکا دەبێت بە تایبەت ویلایەتەکانی (واشنتن دی سی، فلۆریدا، کالیفۆرنیا لەگەڵ باکوری داکاتو) پێیان ڕاگەیاندوون بارودۆخەکە جێگیرەو هەموو شتێك جێ بەجێ دەکرێت مافەکانی کورد لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی لە لایەن حکومەتی عێراق دەستەبەردەبێت. (حبیب، 2017، ص 149). شایانی باسە هەموو وەزیرێکی عێراق یان سەرۆك شاندێك کە بە شێوەی ناردن دەچوونە دەرەوە یەکێ لە ئەندامانی شاندەکە ڕاپۆرتی خۆی لەسەر دەنووسی، لە گەڕانەوە ڕاپۆرتەکەیان دەدا بە حزب و هەواڵگری. (شریف، ب2، 2007، ل 185).

## ئەنجامەکان

لە کۆتایی ئەو توێژینەوە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

1- عەزیز عەقراوی لەسەرەتای تەمەنی لاوێتیدا لە بنەماڵەیەکی مامناوەند، وەکو قوتابییەکی زیرەک توانییویەتی کۆلێژی سەربازی لە بەغدا تەواو بکات، دوای زیاتری ئارەزوو لەو بوارە دەتوانێ پلەی (الرکن)یش بە پلەی زۆر بەرز بە دەستبهێنێت.

2- لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو عەقراوی وەکو ئەفسەرێکی کورد لە ڕیزەکانی سوپای عێراق دەکەوێتە ژێرکاریگەری بیری نەتەوەیی کوردی، هەستکردن بەوکە چەندین ساڵە میللەتەکەی تووشی ستەم بۆتەوە لەلایەن حکومەتە یەک لەدوایەکەکانی عێراق، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بۆ خزمەتکردن بە میللەتەکەی پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

3- لە حوزەیرانی 1962 عەزیز عەقراوی لە یەکەمینەکانی ئەفسەرانی کورد بوو بە پلەی (مقدم رکن) پەیوەندی بە ریزەکانی شۆڕشی ئەیلول دەکات، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، دەبێتە یەکێک لە کەسە نزیکەکان و جێی باوەڕ و متمانەی مەلا مستەفای بارزانی.

4- لە ڕووی سەربازییەوە بە پاڵپشتی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول وەکو خولیایەکی کەسی عەقراوی ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەر لە ڕێکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەرشێوازی نارێکخراو و هۆزایەتی بۆ شێوازی ڕێکخراو لەڕووی سەربازییەوە دەبینێ، لەو بوارە سەرپەرشتی چەندین خولی بەهێزکردن و بەرزکردنەوەی تواناکانی سەربازی لە نێوخۆی کوردستان دەکات.

5- عەزیز عەقراوی کەسایەتییەکی ڕاڕا بووە، بۆیە ئەوەندەی لە ڕیزەکانی شۆرشی ئەیلول بووە، زۆر کات ناکۆک بووە لەگەڵ زۆرێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، هەرئەمەش وا دەکات لە دواجار لە تشرینی یەکەمی 1973 بۆ دژایەتی شۆڕشی ئەیلول پەیوەندی بە حکومەتی عێراقییەوە بکات.

### پەراوێزەکان

(1) هەر چەندە عەقراوی پاشناوێکی عەرەبییە کە لە ئاکرەیی کوردییەوە هاتووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی زیاتر بەو پاشناوە نەسراوە، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە لە تەواوی توێژینەوەکە هەر بە عەزیز عەقراوی ناوی دەبەین. توێژەر.

(2) لەسەرچاوەیەك دەردەکەوێت ئەو بەشەی هاتوونەتە گوندی قەپەکیان، لە نێوان براکان لەسەر زەوی و زار کێشە دروست بووە، محەمەدی برا بچوکیان بۆ ئەوەی کێشەکە گەورە نەبێت گوندەکە جێدەهێڵێ ڕوودەکاتە شارۆچکەی ئاکرێ، بەکرێی زەوی زار لە شارۆچکەی ناوبراو بێ کێشە نیشتەجێ دەبن. لەو بارەوە بڕوانە: (عزیز، 2020، ل 78). دەکرێت ئەو محەمەدە هەمان محەمەد شا بێت کە کاروان ئاکرەیی برای عەزیز عەقراوی بە باپیرە گەورەی خۆیان دەزانی.

(3) ساڵی 1921 لە شاری موسڵ لە دایك بووە، کۆلێجی مافی لە بەغدا تەواوکردووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی حزبی (الشعب) لە عێراق ساڵی 1946، کەسایەتییەکی یاساناس و سیاسەتمەدارو مێژوونوسێکی ناودارە، ساڵی 1948 چۆتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان، چاوەن چەندین کتێبی یاسایی و مێژوویی بە نرخە، نووسەر و کەسێکی دیاری ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بووە، ساڵی 2006 کۆچی دوایی کردووە. (ئەمین، 2012، ل 53).

(4) ناوی تەواوی (ساڵح عەبدوڵلا نەجمەدین)ە، ساڵی 1918 لە شارۆچکەی (بامەڕنێ)ی سەر بەقەزای ئامێدی لەدایک بووە. ساڵی 1942 – 1943 کۆلێژی شەریعەی لە بەغدا تەواو کردووە. ساڵی 1936 لەگەڵ هەندێ لەهاوڕێیانی، ڕێکخراوی (بروسک) دادەمەزرێنن، لە ساڵی 1939 یەکێک دەبێت لە دامەزرێنەرانی خزبی هێوا، وە دەبێتە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ئەو حزبە لە کۆلێژی خانەی مامۆستایانی باڵا و زانستەکان لە بەغدا. هەروەها ساڵح یوسفی یەکێک دەبێت لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کورد. لە دانوستانەکانی نێوان حکومەتەکانی عێراق و شۆڕشی ئەیلول بەشداری کارای دەبێت. دوای ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970 دەبێتە وەزیری دوڵەت بۆ کاروباری کورد. هەر دوای ئەو ساڵە لیپسراوییەتێکی زۆری حزبی و حکومی و ڕێکخراوەیی وەردەگرێت، لە 25ی حوزەیرانی 1981 لەماڵەکی خۆی لە بەغدا لە ڕێگەی تاقاندنەوەی بۆمبێک کە لەناو نامەیەکدا دانرابوو تیرۆر دەکرێت. (تەنیا، 2019، ل 299 – 306).

(5) ئەفسەرێکی کوردە ساڵی 1914 لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی و ناوەندی لە موسڵ ئامادەیی لە بەغدا تەواو کردووە. کۆلێژی سەربازی تەواو دەکات بە پلەی ملازمی دوو، ساڵی 1942 دەچێتە ڕیزەکانی حزبی هیوا. بە پلەی عەمید خانەنشین دەکرێت. 24ی تەمووزی 2001 کۆچی دوایی دەکات. بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی بڕوانە: (عوني، 2011، ص 52 ؛ گولان العربي، العدد (75)، أب 2002، ص 120 – 130).

(6) بۆ بینینی تەواوی بانگەوازەکە سەیری لاپەڕە 156 لە ابراهیم حمید ابراهیم پێداوی، رۆڵی ئەفسەرێن کورد د شورەشا ئەیلوولێ دا (1960 – 1970)، بکە.

(7) شێخ رەشیدی لۆلان لە ناوچەی برادۆستی سەر بە لیوای هەولێر لە دایک بووە، پێشرەوی ئاینی هۆزی برادۆستیەکان بوو، لە راپەڕینەکانی بارزان لایەنگیری حکومەتی عێراقی کردووە و دژی وەستاوە، ساڵی 1959 لە ناوچەکەی یاخیبوونی بە پاڵپشتی ئێران و تورکیا راگەیاند، دوای ئەوەی راپەڕینەکەی سەرکوت دەکرێت، ئاودیوی ئێران دەبێت. لە پایزی هەمان ساڵدا لەلایەن عەبدولکەریم قاسم بەخشرا. (خۆشناو، 2012، ل 154).

(8) ناوی تەواوی بەکر عەبدولکەریم عەبدولواحید ئاغا حەوێزیە، ساڵی 1914 لە شاری کۆیە لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەو شارە تەواو کردووە، بە مەبەستی تەواوکردنی ئامادەیی چووەتە شاری بەغدا، ساڵی 1935 دەچێتە کۆلێژی سەربازی، ساڵێک دواتر بەسەرکەوتوویی بە پلەی مولازمی دەردەچێت. لە سەرەتای نیسانی 1946 پەیوەندی بە کۆماری کوردستان لە مهاباد دەکات، بە فەرماندەی بە تالیۆنی یەکێ سوپای کۆمار دادەمەزرێ، دوای ڕووخانی کۆمار دەگەڕێتەوە باشوری کوردستان، بۆ ماوەیەکی زۆر بە نهێنی خۆی حەشار دەدات، پاشان خۆی ڕادەستی حکومەت دەکات، ماوەی سێ مانگ دەستبەسەر دەکرێت، دوای ئەوە بە بڕیاری دادگا ئازاد دەکرێت. دوای شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 دووبارە بە پلەی (رائید) دەگەڕێتەوە ڕێزەکانی سوپای عێراق. حوزەیرانی 1962 لە یەکەمینەکانی ئەفسەرانی کورد دەبێت پەیوەندی بە ریزەکانی شۆرشی ئەیلول دەکات، ساڵی 1966 ڕیزەکانی شۆڕش بە جێدەهێڵێت، پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە دەکات، دواجار پاش ڕێککەوتنی 11ی ئاداری 1970 دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بە پلەی (عەقید) خانەنشین دەکرێت. لە 1999/12/3 لە شاری کۆیە کۆچی دوایی دەکات. (مراد، 2021، ص 53 – 54).

(9) دوای ئەوەی عەقراوی لە کۆتاییەکانی ساڵی 1973 ڕیزەکانی شۆڕش جێدەهێڵێت و دەچێتە پاڵ حکومەتی عێراق، زانیارییە نهێنیەکانی ئەو پەیوەندییە بە دەسەلاتدارانی عێراق دەگەینێ، وەکو ئەوەی لە ڕۆژی 12ی کانوونی یەکەمی 1974 بە پەیامنێری ڕۆژنامەی (کریستیان ساینس مۆنیتۆر) ڕادەگەیەنێت، ئەرکی ئەو ئیسر ائیلیانەی لە کوردستان کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانە بووکە بۆیان گرنگ بوو. (وەرگیراوە لە: نکدیمۆن، 2011، ل 167).

(10) ناوبراو لە ساڵی 1931 لە زاخۆ لە دایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە زاخۆ و موسڵ تەواو کردووە، ساڵی 1955 پەیوەندی بە ڕێزەکانی (پ.د.ك) کردووە، دوو ساڵ دوای ئەوە کۆلێژی سەربازی لە بەغدا تەواو دەکات، لە ئاداری 1963 پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کردووە، نیسانی 1964 کراوەتە ئامر هێزی ڕزگاری، دواتر دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان، لە کۆنگرەی (8)ی پارتی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە 1975 ئاوارەی ئێران دەبێت تاکو 1979 لەوێ دەمێنێتەوە، پاشان دەگەڕێتەوە عێراق. ساڵی 1993 کراوەتەوە ئەندامی لێژنەی چاودێری پشکنینی ناوەندی (پ.د.ك). ئێستا لە زاخۆ نیشتەجێیە. (محمد، 2019، ل 108 – 109).

(11) لە ساڵی 1926 لەشاری کۆیە لە دایك بووە، بەشی بیناسازی کولێژی ئەندازیاری زانکۆی بەغدا تەواو دەکات، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی (پ.د.ك)، لە کۆنگرەی یەکەمی ئەو حزبە بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، ساڵی 1958 دەبێتە بەرپرسی لقی دووی حزبی ناوبراو، لە دوای ساڵی 1970 بۆ ماوەی چوار ساڵ دەبێتە پارێزگاری سلێمانی، لە کۆنگرەی نۆیەمی (پ.د.ك) لە ساڵی 1979 بە سکرتێری ئەو حزبە دەست نیشان دەکرێت، 1989 – 1999 بۆتە جێگری سەرۆکی (پ.د.ك). (شەعبان، 2013، 143).

(12) لە 1938/4/4 لە هەولێر لەدایك بووە، لەتەمەنی 18 ساڵیدا بۆتە ئەندامی حزبی شیوعی عێراق، لە ساڵی 1953 لە یەکێتی قوتابیانی گشتی قوتابیانی عێراق کاری کردووە، لە 1958 بە فارمانبەر دامەزراوە، لە ئابی 1961 دورخراوەتەوە بۆ شاری (حیلله)ی باشووری عێراق، لە 1963/4/4 لەلایەن (حرس القومي) دەستگیر دەکرێت و لە 1964/1/14 لەلایەن دەکرێت، لە تەمووزی 1974 – ئازاری 1979 لە ڕیزی (پ.د.ك کۆمەڵەی عەزیز عەقراوی) بووە، لە دوای ڕاپەڕینی 1991 لە ڕۆژنامەکانی (خەبات، الاتحاد، ڕێگای کوردستان) کاری ڕۆژنامەوانی کردووە، ساڵی (2000) وەك پەیامنێری بەشی کوردی ڕادێوی دەنگی ئەمریکا لە هەولێر کاری کردووە، ئێستا دانیشتووی شاری هەولێر. (فەرهادی، پەیوەندی تەلەفۆنی، 2020/8/9).

(13) ساڵی 1924 لە گوندی بێرکۆتی نزیك شاری هەولێر لە دایك بووە، لە سڵی 1946 چۆتە ڕیزی حزبی شیوعی عێراق، (10) ژیانی لە زیندان بردۆتە سەر (1946 – 1958) لە دوای شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 بۆتە ئەندامە کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق، لە 1964 – 1993 سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی عێراق بووە. (ئەمین، 2012، ل 35). لە 31ی ئایاری 2017 لە هەولێر کۆچی دوای کرد.

(14) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی سەردانەکانی عەزیز عەقراوی بۆ شارو شارۆچکەکانی کوردستان سەیری: (الثورة، العدد (1743)، 21/نیسان/1974). (التأخي، العدد (1609)، 27/نیسان/1974). (التأخي، العدد (1614)، 4/أيار/1974). (التأخي، العدد (1685)، 11/أب/1974). (التأخي، العدد (1686)، 12/أب/1974). (التأخي، العدد (1687)، 13/أب/1974). (التأخي، العدد (1696)، 24/أب/1974).

(15) ناوی تەواوی (تەها یاسین ڕەمەزان)ە ساڵی 1939 لە بنەماڵەیەکی شەبەک لە موسڵ لە دایک بووە، لەو شارە گەورە بووە، قۆناغی ناوەندی تەواو کردووە، ساڵی 1956 پەیوەندی بە حزبی بەعس دەکات، پاشان دەبێتە ئەفسەر لە ریزەکانی سوپای عێراق لە کودەتاکەی ساڵی 1968 بەشداری کردووە. ، هەر لەو

ساڵە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەبێتە ئەندام، ساڵی 1970 – 1976 دەبێتە وەزیری نیشتەجێکردن. ساڵی 1977 وەکو ئەندام بۆ سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعس هەڵدەبژێردرێت. لە 1979 پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران وەردەگرێت. دوای ڕووخانی حکومەتی عێراق لە 2003 لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە دەستگیر دەکرێت، لە بەرەبەیانی 20ی ئاداری 2007 لە سێدارە دەدرێت. (ویکیپیدیا، 2022/7/14).

(16) مەبەست هەریەك لە: پارتی شۆڕشگێڕانی کوردستان سەر بە عەبدولستار تاهیر شەریف، ئەو پارتە لە ساڵی 1970 خۆی ڕاگەیاند بوو،بە چوونەوە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی 1971 خۆیان هەڵوەشاندەوە. عەبدولستار تاهیر شریف نەچووە ژێر باری ئەو هەڵوەشاندەوە، بەڵکو لە ساڵی 1973 کۆنگرە دەبەستن وەکو سکرتێری ئەو پارتە هەڵدەبژێردرێت. پارتەکەی تریش: (بزووتنەوەی پێشکەوتوخوازی کورد) لە کۆتایی 1972 عەبدوڵڵا ئیسماعیل ئەحمەد دایمەزراند، ناوبراو خۆشی سەرۆکایەتی ئەو بزووتنەوەی دەکرد. (الثورة، العدد (1732)، 1974/4/8، ص 7).

(17) ساڵی 1927 لە گوندی هێرۆی ناوچەی پشدەر لە دایکبووە، ساڵی 1961 کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواو کردووە، لە ماوەی نێوان 1957 – 1967 ئەندامی (پ.دك) بووەو بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە. قائیمقامی پشدەر بووە و لە ماوەی 1974 – 1975 بووەتە پارێزگاری سلێمانی، لە 1975 – 1977 بووەتە یەکەمین سەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانان. دواتر پۆستی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی پێدراوە، لە 1980 – 1988 ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی بووە. دوایین پۆستی نوێنەری عێراق بووە لە ڕێکخراوی کاری عەرەبی. ئێستا لە کەنەدا دەژی. (سعید، 2017، ل 46 – 47).

## لیستی سەرچاوەکان


**بەڵگەنامەکان:**

**بڵاونەکراوە:**

- قائمقامیة قضاء مرکز أربیل، مدیریة ناحیة قوشتبة، رقم الکتاب (488)، التاریخ 1964/9/28. (ئەرشیفی کەسی د.بورهان حاتەم گۆمەتاڵی).
- متصرفیه لواء أربیل، وزارة الداخلیة – المخابرات السریة و السیاسة، الموضوع معلومات عن تصرفات الاکراد المسلحین، رقم الکتاب (96)، التاریخ 1967/1/21. (ئەرشیفی کەسی د.بورهان حاتەم گۆمەتاڵی).

**أ- ب زمانی کوردی**

- ئەمین، مەغدید حاجی، عەزیز شەریف و کورد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2012.

- تەیب، جەمال فەتحوڵڵا، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (1975/3/21 – 1980/11/28)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2012.

- تەنیا، ئیسماعیل، حزبی سۆسیالیستی کوردستان کانوونی دووەمی 1976 – شوباتی 1993 (هەڵکشان... داکشان... پەرتەوازەبوون)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2019.

- جەلیلی جەلیل و ئەوانی تر، شۆڕشەکانی کورد لەسەردەمی نوێدا، و:بەهادین جەلال مستەفا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013.

- حسن، وەصفی، داستانا لێدانا گازخانا کەرکوك، چاپخانەی خانی، دهۆك، 2010.

- خۆشناو، شوان محەمەد ئەمین تەها، هەولێر لە نێوان ساڵانی (1958 – 1963)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2012.

- ڕەشید، سەلاح، مام جەلال - دیداری تەمەن- لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2017.

- شمیدت، دانا ئادەم، سەفەرێك بۆ ناو پیاوە ئازاکان لە کوردستان، و: مانی (ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆکسانا، 2018.

- شەعبان، شەعبان عەلی، هەندی زانیاری سیاسی و مێژوویی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر. 2013.

- عزیز، کرێکار عبدالرحمان، مێژووی هۆزی زراری، چاپخانەی تاران، 2020.

- عەبدولڕەحیم، عەبدوڵڵا، فەریدوون، بارودۆخی سیاسی کوردستان – عێراق 11ی مارتی 1970 – 11ی مارتی 1974، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2008.

- قادر، محەمەد مەلا، خەباتنامە – کورتە مێژووی پارتی و کولتووری بارزانی نەمر، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2012.

- گۆمەتاڵی، بورهان حاتەم، ساڵح حەیدەری (1922 – 2001) ڕۆڵی سیاسی و ڕووناکبیری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2019.

- گیبسن، بریان ڕۆبەرت، ئەریٚ کورد بوونە بەردەباز، و: شەفیقی حاجی خدر، لە بڵاوکراوەکانی تۆڕی هەواڵی ژیان، ب.ش، 2019.

- محمد، کاروان جوهر، ئیدریس بارزانی 1944 – 1987 ژیان و ڕۆڵی سیاسی و سەربازی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2019.

- نکدیمۆن، شلۆمۆ، مۆساد لەعێراق و وڵاتانی دراوسێدا دارمانی ئومێدی ئیسرائیلی وکوردەکان، و: ڕەهەند عبدالغفور، ب.ش، 2011.

**ب- بە زمانی عەرەبی**

- أدامس، دیفید، الحرب الکردیة و انشقاق 1964، ت: جرجیس فتح الله، دارأراس و منشورات الجمل، أربیل، 2012.

- الخرسان، صلاح، التیارات السیاسیة في کردستان العراق قراءة في ملفات الحرکات والاحزاب الکردیة في العراق 1946 – 2001، موسسة البلاغ، بیروت، 2001.

- حبیب، شیرکو، الکورد في وثائق الارشیف الوطني البریطاني 1969 – 1978، منشورات الاکادیمیة الکوردیة، أربیل، 2017.

- سنجاري، علي، حقیقة مسیرة ثورة أیلول 1961، مطبعة خاني، دهوك، 2013.

- شريف، فاروق أبراهيم، الظباط الكورد في الجيش العراقي منذ تاسيسه عام 1920، الجزء الاول، (د.م.ط) أربيل، 2014.
- عقراوى، شكيب، سنوات المنحة فى كردستان أهم الحوادث السياسية والعسكريه فى كردستان و العراق من 1958 – 1980، مطبعة مديرية الثقافة، أربيل، 2007.
- فتح الله، جرجيس، زيارة للماضي القريب، الطبعة الثالثة، دار الشمس للطباعة والنشر، ستوكهولم، 1998.
- كريم، حبيب محمد، تأريخ الحزب الديمقراطي – العراق، (في محطات رئيسية) 1946 – 1993، مطبعة خەبات، دهوك، 1998.
- مراد، المقدم الركن حيدر نجم عبد، معجم ضباط ثورة أيلول 1961 – 1975، مركز بيشكجي للدراسات الانسانية، جامعة دهوك، 2021.
- و ائلي، عصمت شريف، كردستان العراقية هوية وطنية (دراسة في ثورة 1961)، ت: سعاد محمد خضر، مطبعة شڤان، السليمانية، 2012.

بیرەوەری:

1- بە زمانی کوردی:

- ئەحمەد، کەریم، ڕێڕەوی تێکۆشان، و: جەلال دەباغ، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، 2007.
- پێنجوێنی، محەمەد ئەمین، ئەو چیرۆکانەی ئەبێت بزانرێن، چاپخانەی تاران، 2021.
- حەیدەری، جەمشید، لاپەڕەی بیرەوەرییەکانم (1966 – 1991)، چاپی یەکەم، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئازادی، هەولێر، 2013.
- دۆڵەمەری، حاجی میرخان، گەڕان بە دوای دادپەروەری دیوێکی تری مێژووی شۆڕش لە کوردستان دا (1943 – 1991)، بەرگی دووەم، ب.ش، کوردستان، 2021.
- شریف، د. عبدالستار تاهیر، ململانێ لەگەڵ ژیاندا 1971 – 1983، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک، 2007.
- شێرە، خورشید، خەبات و خوێن بیرەوەریەکانی ساڵانی خەباتی پێشمەرگایەتی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2015.
- شەریف، ئەحمەد ، چەند پەیڤێك لە بانێژەی ویژدانی کوردایەتیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2013.
- قادر، محەمەد مەلا، سەربردە – کورتەیەك لە بیرەوەرییەکان، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2009.
- گۆزێ، قادر، من و شەقڵاوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2014.
- گۆمەشینی، عەبدولرەحمان، پوختەیەك لە بیرەوەرییەکانم، چاپخانەی ئۆفێستی قانع، سلێمانی، 2003.
- هورمز، یۆنان، کوردستان یان نەمان، چاپی دووەم، چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر، 2009.

2- بە زمانی عەرەبی:

- اليوسفي، زوزان صالح، خواطر من ذاكرتي... فيها صفحات من حياة الشهيد صالح اليوسفي في أيام من الثورة الكردية كما عشتها معها، المطبعة KalkanK، تركيا، 2018.
- خزندار، شوكت، سفر و محطات ((الحزب الشيوعي العراقي... رؤية من الداخل))، دار الكنوز الادبية، بيروت، 2005.
- شيرزاد، أحسان، أحسان شيرزاد مهندسا، أكاديميا و وزيرا، مطبعة الوطنية، الاردن، 2011.
- عوني، فرهاد، ذاكرة الايام، مطبعة رۆژهەلات، أربيل، 2011.
- محو، جميل، مذكراتي داخل سجون الثورة الكردية, الجزء الاول, د.م, 1982.

نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە:

- پێداوی، ابراهيم حميد ابراهيم، رۆڵێ ئەفسەرێن کورد د شورەشا ئەیلوولێ دا (1960 – 1970)، نامەی ماستەر، زانکۆی زاخۆ، کۆلێژی پەروەردە، 2012.
- سعید، نەوشیروان شریف، ئەزموونی ئۆتۆنۆمی لە باشووری کوردستان 11ی ئاداری (1974 – 1991)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئەدەبیات، 2017.

توێژینەوەی زانستی:

- عباس، رحيم عبد الحسين، عباس، علي صالح، التغيرات الوزارية في العراق 1973 – 1979، مجلة الباحث، العدد (25)، 2017.

گۆڤار و ڕۆژنامە:

أ- ڕۆژنامە:

1- بە کوردی:

- برایەتی، ژمارە (2761)، 1999/1/24.
- هاوکاری، ژمارە (213)، 1974/4/12.

2- بە عەرەبی:

- التآخي، العدد (936)، 1972/1/12.
- التآخي، العدد (937)، 1972/1/13.
- التآخي، العدد (980)، 1973/3/11.
- التآخي، العدد، (1593)، 1974/4/9.
- التآخي، العدد، (1603)، 1974/4/20.
- التآخي، العدد، (1604)، 1974/4/21.
- التآخي، العدد، (1609)، 1974/4/27.
- التآخي، العدد، (1614)، 1974/5/4.
- التآخي، العدد، (1685)، 1974/8/11.
- التآخي، العدد، (1686)، 1974/8/12.
- التآخي، العدد، (1687)، 1974/8/13.
- التآخي، العدد، (1696)، 1974/8/24.
- التآخي، العدد، (1905)، 1975/5/10.
- التآخي، العدد، (1962)، 1975/7/17.
- الثورة، العدد (1710)، 1974/3/12.
- الثورة، العدد (1743)، 1974/4/21.
- الراصد، العدد (209)، 1974/2/18.

ب- گۆڤار:

1- بە کوردی:

- بەدرخان، ژمارە (78)، 2007/2/22.

2- بە عەرەبی:

- گولان، العدد (75)، اب، 2002.

**گفتوگۆ وچاوپێکەوتنەکانی توێژەر:**

- **پەیوەندی تەلەفۆنی**

1- کەریم، ئاسۆ ، 2020/6/15.
2- شێرە، خورشید ، 2020/8/16.
3- موفتی، عەدنان ، 2020/6/10.
4- فەرهادی، عومەر ، 2020/8/9.
5- ئاکرەیی، کاروان رەشید ، 2020/9/5.
6- شاکەلی، محەمەد ، 2020/6/10.

**چاوپێکەوتنەکان**

7- ئەحمەد، ئیبراهیم تەیب ، هەولێر، 2020/9/14.
8- ئادەم، بەکر مەلا ، گوندی قۆریتان – هەولێر، 2020/9/10.
9- بابان، گۆڤەند فەتحی مەعسوم ، هەولێر، 2020/8/30.
10- حەیدەری، مومتاز، هەولێر، 2020/7/14.

**نامەی ئەلکترۆنی**

- یوسفی، زۆزان سالح، 2020/6/6.
- ئاکرەیی، میر، 2020/6/29. 2020/9/13.

**سایتە ئەلکترۆنیەکان (ئینتەرنێت):**

- http://wikipeedia.org

Aziz Aqrawi

Biography and political and military role of 1924-1980

Key words: Aziz Aqrawi, Kurdistan Democratic Party, Mala Mustafa Barzani, September Revolution, Iraq government.

Abstract

This research entitled (Biography and political and military role of Aziz Aqrawi 1924-1980.) comprises three main parts and each part is decided into several sections. The first part deals with the birth, origin and personal qualities of Aziz Aqrawi. The second part is dedicated to his joining to September Revolution and service as an official officer as well as his political and military role in the revolution. The last part focuses on his political activities in the Iraqi government in (1973-1980) which is subdivided into three main sections. The first section touches on his resignation in the revolution and joining Iraqi government. The second section is about his role in establishing Kurdistan democratic Party. The last section is dedicated to his role as a minister in the Iraqi government.

**عزيز عقراوي**

**حياته و دوره العسكري والسياسي 1924-1980**

**ملخص:**

**هذا البحث المعنون ( عزيز عقراوي حياته ودوره العسكري والسياسي 1924- 1980) الذي يتكون من ثلاث مباحث أساسية، وكل مبحث منقسم الى عدة مسائل، ركز المبحث الاول على محل ولادته واصل عائلته وخصائص شخصية عزيز العقراوي. وخصص المبحث الثاني على التحاق المذكور كضابط متفوق بثورة أيلول، ودوره العسكري والسياسي في هذه الثورة. والمبحث الأخير أشار إلى مهام ونشاطات عزيز عقراوي في الحكومة العراقية بين سنوات 1973-1980، واتي انقسمت إلى ثلاث محاور، المحور الأول يدور حول تخلي المذكور عن الثورة الكردستانية و اتصاله بالحكومة العراقية، وارتكزت المسالة الثانية على دور عزيز العقراوي في تأسيس (الحزب اليمقراطي الكردستاني) التابعة للحكومة العراقية. والمحور الثالث والأخير خصص لدور المذكور آنفا كوزير في الحكومة العراقية.**